# لە فیدراڵییەوە

# بۆ سەربەخۆیی

# له فیدراڵییەوە
# بــۆ
# سەربەخۆیی

ئامادەکردنی
**بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی**
**مەکتەبی سکرتاریەتی**
**یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان**

٢٠١٦

- ناوی کتێب : لە فیدراڵییەوە بۆ سەربەخۆیی
- ئامادەکردنی : بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
- تیراژ (١٠٠٠) دانە
- نەخشەسازی : نووسینگەی هیوا
- چاپ : چاپخانەی رۆژهەڵات
- چاپی یەکەم ، هەولێر / ٢٠١٦

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە سپاردنی (        )ی
ساڵی (٢٠١٦)ی دراوەتێ

| | | |
|---|---|---|
| پێشەکی | | ٧ |
| کورد لە نێوان کۆنگرەی بەرلین و رووخانی دیواری بەرلیندا | ئازاد تۆفیق | ١٣ |
| پاساوەکانی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان | پشتیوان سادق | ٣٣ |
| دەوڵەت: لە نێوان کولتووری ژێردەستەیی و کولتووری ئازادیدا | ڕێبوار سیوەیلی | ٤٣ |
| دیسکۆرسی دەوڵەت | عوسمان عەلی وەیس | ٦٩ |
| معايير الشرعية الدولية لتأسيس دولة جنوب كوردستان | خليل ابراهيم | ١٠٦ |

## پێشەکی

# سەربەخۆیی
# دوا وێسگەی خەباتی ناسیۆنالزمی

سەربەخۆیی ئەو خواست و ئامانجە ستراتیژیەی کە کورد دونیایەك قوربانی و ڕووبارێك خوێنی لە پێناویدا بەخشیوە، وێستگە و قۆناغە مێژوویەکانی گەلەکەمانی پێدا تێپەڕیوە پڕپەتی لە هەوراز و نشێو و نارەحەتی خەبات و بەرخودان بۆ گەیشتن بە سەرەتاییترین ماف ئەویش ئازادی و سەربەخۆییە، کوردیش بەو پێیەی لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوی ئەم جیهانەدا هەزاران ساڵە نیشتەجێیە و ئەژیت وەك هەموو نەتەوەکانی تری سەر زەوی هەوڵیداوە کیانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و بێ دەست خستنە ناو کاروباری ئەوانیترەوە بە ئارامی ژیان بگوزەرێنێت و هەموو مرۆڤەکان بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەزی و ڕەنگ و جۆری بیرکردنەوە هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێشخستنی ژیان و خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن، بەڵام هەرگیز کورد نەگەیشتوە بەو خەونەیی و لەلایەن ئەو نەتەوە و گەلانەی کورد دەستی ئاشتی و برایەتی بۆ درێژ کردون خەونەکەی لە بەین براوە، ئەگەر زۆر

نەگەڕێینــەوە بـۆ مێـژوو تـەنها هەڵوێـستەیەك لـەدوای کارەسـات و دەرهاویـشتەکانی شـەڕی چـاڵدێران لـە (١٥١٤/٨/٢٣) زایـنی بکـەین، کاتێك بە فـەرمی وەك یەکـەمین ئـەزمونی نێودەوڵـەتی کوردسـتان لـە نێـوان دوو دەوڵــەتی گــەورە و داگیرکــاری ناوچــەکە کــە ئــەویش (ســەفەویەکان و عوسمانیــەکان) دابەشــکرا، لــەو ڕۆژەوە ســنورە جوگرافیــەکان تـۆختر و جیاوازیــە ئـاینی و کۆمەڵایەتیـەکان زەقـتر و درزەکان فراوانتر بوون و بەردەوام کاریـان لەسـەر تێکـدانی شـیرازەی کۆمەڵایــەتی و دورخــستنەوەی زیـاتری کۆمــەڵگای کـوردی ئــەکرد، لەوسـاوە شـێوەی بـەرخودان و خـەباتی کـورد گۆڕانکـاری گـەورەی بەســەردا هـات و تەحەددییـەکانی بـەردەمی زیـاتر بـوون و هــەر دوو دەوڵەتە داگیرکەرەکە هەوڵی سەپاندنی بیر و ئایدیا و دونیابینی و ئاین و مەزهەب و کەلتور و داب و نەریتی خۆی ئەدا کەچـی سـەرەڕای ئـەو هەموو جیاوازیە فکری و بەرژەوندیە قوڵەی ئەو دوو داگیرکارەی خاکی کوردستان هەیانبوو، کەچی بۆ تێکدان و لە بەینبردن و سەرکوتکردنی جوڵانـەوە و خـەونی کـوردان یەکدەنگ و دوو بـرای گیـانی بـە گیـانی بوون، لە دوای شەڕی چاڵدێرانەوە شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەریـەکانی کوردستان شێوەیەکی تری وەرگرت و دابڕان و بێ ئاگابوون لە یەکتری زیاتر بو و بەو پێیەی ئەوکاتیش هۆیەکانی پەیوەنـدی هـەر نـەبوون و ڕێگاکانی هاتوچۆش هەروا ئاسان نەبوون، بۆیە لەناو بردن و قڕکردنـی کـوردان ئاسـانتر بـوو، دروسـتکردنی ئـەو میرنـشینانە لـەو سـەردەمە هــەوڵی زینــدو و خولیــای لــە مێژینــەی کــورد بــۆ ســەربەخۆبوون

ئەسـەلمێنن، ئـەوە سـەرەڕای ئـەو تێبینیانـەی لەسـەر شـێوەی بەڕێوەبردن و پەیوەندی نێوانیان و ناکۆکی ناوخۆیی کە هەبوو، بـەڵام ئەوانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە کـورد لـە خـەبات و حـەز و ویـستی سەربەخۆیی نەوەستاوە و هەموو قوربانیەکیشی لە پێناودا داوە، دوای نـەمانی میرنـشینەکان و خۆبەڕێوەبەریـە کوردیـەکان قۆنـاغێکی تـازە هاتە پێشەوە لە چۆنیەتی تێکۆشانی کورد بۆ سەربەخۆیی، ناڕەحەتی و چەوساندنەوەکان زیـاتر بـوون و کـاتێکیش جـەنگی جیهـانی یەکـەم کۆتـایی هـات و ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی هەرەسـی هێنـا و نەخـشەی سیاسی و جوگرافی ناوچەکە و جیهان بە شـێوەیەکی تـر و پێچەوانەی خواستی کورد دارێژرایەوە ئەوجارە کوردستان بەسـەر چـوار دەوڵـەت دابەشکرا و خواست و بۆچونی کورد لەبـەر چـاو نـەگیراوە، خاکەکـەی کرایـە قوربـانی بەرژەوەنـدی وڵاتـە زلهێزەکـان، سـەرەڕای هـەموو نەهامەتیەکانی ڕابردوو ئەوجارە قۆناغە قورسەکە لە قڕکردن و کوشتن و بڕین کیمیاباران و ئەنفال و سـوتاندن و تـاڵان و ئـاوارە و دەربـەدەر کردن بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر وبە پـشتیوانی وڵاتـانی زلهێـز دەسـتی پێکرد، لەوساتەوە هەر پارچـەیەی کوردسـتان تایبەتمەنـدی خـۆی لـە جۆر و شـێوازەکانی خـەبات وەرگـرت و پـارت و ڕێکخـراو و بزوتنـەوە جەماوەریەکان بە گوێرەی واقعی داسەپاوی سەریان خەباتیان ئەکرد و ستراتیژ و بەرنامەی کاریان دیاری کرد، ئەوەی ئێمـە لێـرە هەڵوەسـتە لەسـەر ئەکـەین و میحـوەری سـەرەکی بـاس و کۆنفرانـسەکەیە ئـەو بەشەیە کە پێی ئەڵێن باشوری کوردستان، لـەم بەشـەی نیشتمان بـۆ

ساتێکیش هیچ حکومەتێکی داگیرکار بە ئـارامی حـوکمی نـەکردوە نـە لەپێش جـەنگی جیهـانی یەکـەم نـە لـە دوای ئـەو جەنگـە، لـە هـەموو شۆڕش و ڕاپـەڕینەکانی کورد لەم بەشەدا سەرکردایەتیەکەی دروشـم و ئامانجی خۆیان دیاریکردوە و زۆر جار واقعی بوون لە بە دروشم گرتنی ئامانجەکەیان و زۆر جاریش نا واقعی لەوەی کە باش خوێندنەوەیان بۆ دۆخەکە نەکردوە ئەوە نەك بەو مانایەی کە ئێمە خاوەن مـاف نـەبین، بەڵکو ئێمە خاوەن ماف ڕەهاین لە سەربەخۆیی و بە ئازاد ژیان، هەموو شۆڕش و جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد تا دروسـتبونی (پ.د.ك) و بە دروستر هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بـە سـەرۆکایەتی نـەمر موستەفا بارزانی، هەم شۆڕشـەکان ناوچـەیی بـوون هـەمیش ئامـانج و دروشمەکان لەگەڵ بارودۆخەکە گونجاو نـەبوون، بـەڵام کاتێـك پـارتی دائەمـــەزرێت و شـــۆڕش لـــە(١١/٩/١٩٦١) هەڵدەگیرســـێت، دوای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و بە سود وەرگرتن لە ئەزموون و تێگەیشتنی (بارزانی نەمر) سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بڕیار ئـەدات کە دروشمی سەرەکی بریتی بێت لە (دیموکراتی بۆ عێـڕاق، ئۆتۆنـۆمی بۆ کوردستان) ئەو خواستە سەرەڕای واقعی بونەکەی بۆ ئەو سەردەمە کورد پێی وابـوە تـا عێـڕاق دیموکراسـی نـەبێت گەیـشتن بـە مافـەکان زەحمـەتتر ئـەبێت، ئـەم ئامانجـە مایـەوە لەگـەڵ گـۆڕین و هـەڵگرتنی دروشـم ئامـانجیتر لەلایـەن هەنـدێك لـە هێـزە کوردسـتانیەکانیتر تـا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لـە (٥/٣/١٩٩١) و ئـازاد بـوونی بەشـێکی کوردستان هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمان لە (١٩/٥/١٩٩٢) ، ئـەوەبوو

پەرلەمانی کوردستان لە (١٩٩٢/١٠/٤) بڕیاریدا پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ عێراق لە چوارچێوەی فیدراڵی ڕێك بخات، ئەوەش بەردەوامی هەبوو تا پڕۆسەی ئازادی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە (٢٠٠٣/٣/١٩) و ئازاد کردنی عێراق و نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی و پەسەندکردنی لەلایەن (٨٠٪) خەڵکی عێراق کە تیایدا بە ڕوونی ئاماژە بە فیدراڵ بوونی عێراق کراوە، ئێستاش کە نزیکەی چارەکە سەدەیەك بەسەر بڕیاری پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە و بە هاتنە پێشی ئەو واقعە تازەیەی ناوچەکە و گەڕانەوەی سەرجەم خاکی کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم، ئێستا سەربەخۆیی بۆتە خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان، ئێمەش وەك یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی و نەتەوەیی لە (٢٠١٦/٢/٢٤) یەکەمین کۆنفرانسی تایبەت بە ڕیفراندۆممان سازکرد لە ژێر ناوی (ڕیفراندۆم وەك هەنگاوی بەرایی سەربەخۆیی) ئێستاش یەکەمین کۆنفرانس بۆ سەربەخۆیی بە ناوی (لە فیدراڵیەوە بۆ سەربەخۆیی) ساز ئەکەین بە بەشداری کەسایەتی سیاسی و یاسایی و ئەکادیمی. بەوهیوایەین بتوانین گفتوگۆیەکی واقعیانە بە ئاڕاستەی خزمەتکردن بە پڕۆسەی سەربەخۆیی بکەین.

**بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی**
**مەکتەبی سکرتاریەتی**
**یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان**

# کورد لە نێوان کۆنگرەی بەرلین و ڕووخانی دیواری بەرلیندا !

ئازاد تۆفیق

لەمێژووی سێ سەدە لەمەوبەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەکردنی سەرمایەداریی و بازاڕەوە، کە بەگۆڕانکارییەکی گەورە لەژێرخانی ئابوریی ئەو قۆناغە دەدرێت لەقەڵەم. دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا لەسەر دەستی چینێکی نوێ، کە تازە پێینابووە سەر شانۆی سیاسەت وەك پێداویستیی سەردەمەکە و گەشەسەندی دۆخی ئابووریی و بازرگانی، بووە زەروریەتێکی مێژوویی و هاوکات بووە وەڵامدەرەوەیەکی ڕاستەقینەی قۆناغەکە.

ئەمەش دواتر خۆی لە دروستبوونی هەستی ناسیۆنالیستی و خواستی تاکی نەتەوەکان بۆ پێکهێنانی کیانی نەتەوەییدا بینیەوە و بووە هۆی لەدایکبوونی چەندین دەوڵەتی نوێ و حوکمی خۆ بەخۆی گەلان. دیارە ئەم دەوڵەتانەش هەموو لە منداڵانی ئەو ئیمپراتیۆریەت و

دەسەڵاتە زلهێز و پان و پۆڕە جیهانیەدا هاتنە کایەوە، کە لەو رۆژگارەدا دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا بوون.ئیتر بەمجۆرە هەر لەساڵی ١٤٩٨ز کاتێك کۆلۆمبۆس بە سەر زەمینێکی نوێ و بە جوگرافیایەکی نوێ ئاشنامان دەکات، کە (ئەمریکا)ی ئەمڕۆیە، هەمیشە هێزێ لە هێزە ئەوروپیەکان لە جیهاندا باڵادەست و دەست رۆشتوو بووە و تەحەکومیان بەسەر گەلان و میللەتانی بندەستدا کردووە. جا ئەو هێزە گەر لە دوێنێدا پرتوگالیەکان یان ئیسپانیەکان بووبن و لەمێژووی نوێشدا فەرەنسیەکان یان بەریتانیەکان بووبن، هیچ لەوە ناگۆڕێ کە ئەوروپا و خۆرئاوا لە مێژوودا چۆن لە رووی کەلتوری و مەعریفیەوە هەمیشە هێزی یەکەم بوون، ئەوا لەڕووی حوکمڕانی و دەوڵەتداریشەوە پێشەنگ و باڵا دەست بوون.

لەم خۆرهەڵاتەی لەمەڕ خۆشماندا، هەرچەندە ئەو پرۆسەیە بۆ سەرهەڵدانی هەستی ناسیۆنالیستی و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی تا رادەیەکی دیاریکرا و دواکەوت و پاشکەوت. بەڵام دواجار بەهۆی گۆڕانکاریە ئابوریەکان ، ئەو ژانەش خۆرهەڵاتی ناوینی گرتەوە و سەرزەمینی خۆرهەڵاتیش بووە لانکەی سەرهەڵدانی چەندین دەوڵەتی نوێ و بگرە ململانێ و پێکدادانی توندو و تیژیشی لێکەوتەوە. ئیتر بەمجۆرە دوای روخاندنی عوسمانییەکان و لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا، وردە وردە هەستی ناسیۆنالیستی بە مانا مۆدێرنەکەی لای گەلانی بندەستی ناوچەکە بۆ گەیشتن بە مافی

نەتەوەیی خۆیان و وەدەست هێنانی ئازادی بەتەواوی پێگەشت و هاتە کایــەوە. دواجــار بــەهۆی هەڵوەشــاندنەوەی ئــەو ئیمپراتــۆرەوە دروســتبوونی چــەندین دەوڵــەت لەســەر ئاســتی نەتــەوەی جــودا و جوگرافیای جودا بوونە ئەمری واقع و مێژوو بـە چـەندین کییـانی نـوێ ئاشنای کردین. دەوڵەتانی (عێراق، سعودیە، سوریا، لوبنـان، ئـوردن) کە لەڕووی ژمـارەی دانیـشتوانەوە هـیچ کامێکیـان لـەو رۆژگـارەدا نـە گەشـتبوونە ســێ ملیـۆن کـەس، لـەو دەوڵەتـە نوێیانـە و جوگرافیـە نوێیانەی خۆرهەڵاتی ناوینن، کە لەدوای جـەنگی جیهـانی یەکـەم و لـە سەدەی رابردوودا دروست بوون.

بۆیــە لــەخۆڕا نییــە کــە لێکۆڵــەرەوانی بـواری مێــژوو دەڵــێن: خۆرهەڵاتی ناوین کـە زیـاتر لـە سـی دەوڵەتـە و بریتیـە لـەو رووبـەرە جوگرافیایــەی، کــە خۆرهەڵاتەکــەی ئێرانــە و خۆرئــاوای مەغریبــە و باکورەکـەی تورکیـا و باشوریـشی هەریەکـە لـە ئـەریتیریا و بیابـانی گەورەیە و هاوکات دەوڵەتی ئیسرائیلیش کە بەبەشێك لـە خۆرهــەڵاتی نـاوین دادەنـرێ، ئـەوا هــەر سـێ دەوڵـەتی دێرینـی تورکیـا و ئێـران و میسری لێدەرچێت، هەر هەموویان بەرهـەمی دوای هەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و رێکەوتننامەی سایکس پیکۆن. [1]

بەمجۆرە گۆڕانکارییە ئابوری و سیاسـییەکان هـەر چـۆن لەسـەر ئاستی بەرە و پێشچوونی هزری نەتەوایەتی و دروسـت بـوونی بـازاڕی نوێ و گەشەی بازرگانی بۆ لەدایك بوونی ئەو دەوڵەتە نوێیانـە، بوونـە

دیاردەیەکی پۆزەتیفی قۆناغەکە، ئاوەهاش لەسەر ئاستی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتانە و پاراستنی ئاسایش و دابینکردنی پێداویستیە سەرەکی و یەکەمینەکانی هاووڵاتیان بۆ لانی کەمی ژیان، کە زۆر جار بە نەرێی دەگەڕایەوە، بوونە واقعێکی نوێ و دەبوو هاووڵاتیانی هەر وڵاتێك دەست و پەنجەی لەتەکدا نەرم بکات. چونکە ئەو بارودۆخە نوێیە زۆرجار گەلان و وڵاتانی ناوچەکەی رووبەڕووی شەڕوشۆڕ و داگیرکاریی و هاوکات پێشێلکاری گەورەشی دەکردەوە، ئەمەش لەو رۆژگارەدا بە مێژویەکی تاڵ لە مێژووی گەلانی تازەو سەربەخۆ دەدرا لەقەڵەم. ئیتر بەمجۆرە ئەو راستییە سەلمێندرا، کە شەڕ و پێکدادان لەم ناوچەیەدا هەمیشە نزیك و هەردەم جێی مەترسی بووە. بۆیە لەکۆی ٧١ ململانێ و توندوتیژی لەو سەردەمەدا، ئەوا ٢٩ ململانێیان دەکەونە بازنەی خۆرهەڵاتی ناوینەوە و هاوکات گەر لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٨٥ لە خاکی وڵاتانی خۆرئاوا هیچ جەنگ و شەڕوشۆڕێ رووی نەدابێت، ئەوا لە جیهانی سێهەمدا کە بەشێکی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوین پێکدەهێنی ١١شەڕ و جەنگ و ململانێ رویان داوە.

شەڕە رزگاری خوازەکانی وڵاتانی عەرەبی دژی کۆڵۆنیالیستی فەرەنسی و بەریتانی و شەڕەکانی عەرەب- ئیسرائیل ١٩٤٨-١٩٦٧-١٩٧٣ و شەڕی دەوڵەتی میسر و هێرشە سێ قۆڵیەکەی ساڵی ١٩٥٦ و جەنگی عێراق- ئێران ١٩٨٠ و شەڕی لوبنان- ئیسرائیل ١٩٨٢ شەڕی

تورکیا– ئەرمەن لەسەرەتای سەدەی پێشوو، شەڕی تورکیا– کورد لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، شەڕی رزگاری خوازانەی ئەریتیریا– ئەسیوبیا لە هەفتاکاندا و شەڕی مەسیحیەکانی سودان و دەوڵەتی سودان تا گەشتن بە سەربەخۆیی و شەڕی کورد و دەوڵەتی عێراق لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، شەڕەکانی ناوخۆی لوبنان، هەر هەموویان لەو شەڕ و ململانێ و گرژیانەن کە لەو ناوچەیەدا رویانداوە، کە بە خۆرهەلاتی ناوین ناسراوە[٢]

دیارە ئەم کێشە و شەڕ و ململانێیانەش هەروا لە بازنەی تەسکی لۆکالی و بگرە ئیقلیمیدا نەماونەتەوە و ناشمێنێتەوە. بەڵکو گەر لەرووی سەربازی و فیزیکی و راستەوخۆیشەوە نەبێت، ئەوا کاریگەریە نەرێیەکانی لەڕوی پێگە و جیۆپۆلەتیکی سیاسی و ئابوریەوە نەك هەر پریشکی بۆ دەوڵەتانی زلهێز و خۆرئاوا بووە، بەڵکو کاریگەریەکی گەورەشی لەسەر دابینکردنی پێداویستیە ئابوریەکانیان و بە دەستهێنانی کەرەستەی خاو و تەنانەت سەقامگیری سیاسیشیان هەبووە. بۆیە هەر زوو دەوڵەتانی خاوەن بەرژەوەندی و زلهێزانی دونیا بۆ رێگرتن لەو گرژی و ململانێیانە و بۆ وەستان بەرامبەر هەر چەشنە شەڕ و شۆڕ و دەست درێژییەك، ئەوانەی بە چەندین بەرژەوەندی ئابوریی و سیاسی و جیۆپۆلەتیکیەوە بەم ناوچەیەوە گرێدراون و ئەوانەی مێژوییەکیان لەسیستمی نێودەوڵەتی و لەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتان و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا هەیە،

لەلایەکەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی و دابینکردنی پێداویستیە مرۆیی و ئابورییەکانی خۆیان لە بەتاڵانبردنی کەرەستەی خاو و لەلایەکی تریشەوە بۆ زیاتر دەستکەوتی دەستی کاری هەرزان و ساغکردنەوەی کاڵاکانیان، هەر زوو بکەونە مشورخواردن و بیرکردنەوە لەبەرقەراربوونی جۆرێك لەبەرێوەبردن لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا و لە فەراهەمکردنی جۆرێك لە هەماهەنگی، کە بەقازانجی خۆیان و ئاشتی جیهانی بگەڕێتەوە. بۆ ئەمەش مێژووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و فەرهەنگی سیستمی سیاسی بە چەندین زاراوەی نوێ و رێکەوتننامە و پەیماننامە و رێکخراوی سیاسی دەمانناسێنێت و ئاشنامان دەکات، کە هەر هەموویان وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەمی خۆیان بون و ئەرکیان بە حساب رێگرتن و بوار نەدان بووە لەهەر شەڕ و ململانێیەکی توندو تیژ، کە لەنێوان گەلان و وڵاتانی ناوچەکە روو بدات.

دیارە هەر پەیماننامە و رێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتیش لەهەر قۆناغێکدا، خاوەنی سیما و خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی و هەمیشە قۆزاخەی خەونەکانی لەدەوری جۆرێك لە بەرژەوەندی هەڵپێچاوە و پرانسیپ و رێساکانی وا داڕشتووە، کە تەنها بە قازانجی سەقامگیری سیاسی و دەستکەوتە ماددی و مرۆییەکانی خۆیان بگەڕێتەوە. بۆیە دەبینین لە هەر قۆناغێکدا پرانسیپێك دەبێتە هەوێن و ناوکی ئەو رێککەوتن و پەیماننامەو پەیوەندییە نێودەوڵەتیانە پێك دێنێت، کە

زۆر جیایە لە پرانسیپەکانی سیستمەکانی دوای خۆی.جا ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئەو رێککەوتننامانەدا بخشێنین، کە لە دوو سەدەی رابردوودا لەنێوان دەوڵەتانی زلهێز و باڵا دەستەکانی جیهاندا مۆرکراون و بەستراون، ئەوا بە ئاسانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە جگە لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی نفوز و هێز، هیچ شتێکی دی لە گۆڕێ نەبووە.

بۆ نمونە دوای جەنگی واتەرلۆ (١٨١٥/٦/١٨) کە ناپلیۆنی فەرەنسی تیایدا دەشکێت و کۆتایی بەدەسەڵات و ئیمپراتۆریەکەی دێت، ئەوا جۆرێك لەسیستمی نێودەوڵەتی لەنێوان زلهێزەکانی ئەوکاتەی ئەوروپا هاتەکایەوە، کە رەنگدانەوەی دوای ئەو جەنگە و دوای کەوتنی دەسەڵاتە بەرفراوان و پاوانخوازەکەی ناپلیۆن بوو. دیارە خەسڵەتەکانی ئەو سیستمەش لەسەرجەم سیستمە نێودەوڵەتیەکانی دوای خۆی جیابووە. هەرچەندە لەو رۆژگارەدا کورد وەك گەل و میللەتێکی دێرینی خۆرهەڵاتی ناوین دەژمێردرا، بەڵام هیچ دەنگ و رەنگێکی سیاسی و جوگرافی و تەنانەت جیۆپۆلەتیکیشی وای نەبووە، تا لە هاوسەنگی هێزدا لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا حسابی بۆ بکرێت و ئاوڕی لێبدرێتەوە. چونکە میرنشینە کوردیەکان، کە تارادەیەك نوێنەرایەتی جۆرێ لە بەڕێوەبردنیان بۆ گەلی کورد دەکرد، لەو قۆناغەدا بەسەر هەردوو ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانی دابەش ببوونن و جگە لەدژایەتی یەکتری و جگە لەوەی کە هەمیشە دەوڵەتە

داگیرکەرەکان هان و دنەی دەدان بۆ مەرامی سیاسی خۆیان، شتێکی وایان لێبەرهەم نەهات مایەی رازیبوون و دڵخۆشی بێت! ئیتر بەمجۆرە سیستمە سیاسیە نێودەوڵەتیەکە جۆرێك لە پەیوەندی نێودەوڵەتی هێنایە کایەوە کە تەنها بەقازانجی خۆیان بشکێتەوە و هیچی دی. دواتریش کاتێك کە کۆنگرەی بەرلین لە (١٣/٦/١٨٧٨) دەبەسترێت و تیایدا بە یەکەم رێکەوتنی بە یەکگەیشتنی ئەو کاتەی ئەوروپیەکان و دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت. ئەوا ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتی و سیستمە نێو دەوڵەتیەش کە بەرهەمی ئەو کۆنگرەیە بوو، ئامانجی یەکەم و سەرەکی راگەیاندنی سەربەخۆیی بوو بۆ وڵاتانی بەلقان و هیچی دی. لێرەشدا بەهەمان سیستمەکانی پێشوو کورد هیچ دەنگ و سەنگێکی وای تێدا نەبوو کە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. بۆیە ئەم رێککەوتنامەیەش هێندەی بۆ بەهێزکردنی پایەی زلهێزان بوو، نیو هێندە بۆ مافی خوراوی گەلان تێنەکۆشا. هەرچەندە لەو سەردەمەدا روسیای قەیسەری دژی سیاسەتی بەرفراوانی عوسمانییەکان بوو، حەزی بە هەرچی زووتری هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئیمپراتۆرە و کۆتایی دەسەڵاتەکانی دەکرد، بەڵام پشتگیریی هێزێکی گەورەی وەك بەریتانیەکان لەمانەوەی ئەو دەسەڵاتە هەر زوو خەونەکانی دەوڵەتی روسیای زڕاند. بۆیە گەر بهاتایە و ئەو خەونەی قەیسەرەکان لە زوو هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکاندا بهاتایەتەدی، ئەوا حەتمەن خواستە نەتەوەیی و کەمینەکانی ناو ئەو ئیمپراتۆرەش زوتر

ڕۆشنایی دەبینی.بەڵام دیارە وادەرنەچوو!

هەرچی سیستمی سێهەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و لەسەرو بەندی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەمدا (١٩١٤–١٩١٨) بەهۆی پەیمانی سایکس پیکۆوە کە بەنهێنی لەنێوان هەردوو دیپلۆمات و سیاسەتمەداری فەرەنسی و بەریتانی (جۆرج پیکۆ– مارك سایکس) لە (١٩١٦/٥/٨) بەسترا، لەلایەکەوە بەستنی ئەم پەیماننامەیە و کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم و لەلایەکی ترەوە روخانی پیاوە نەخۆشەکە و بەیاننامە چواردە خاڵییەکەی (ویدرۆ وێلسن) و دروستبوونی چەندین دەوڵەتی نوێ لەسەر کەلاکی ئەوە ئیمپراتۆرە،هەموو رێگا خۆشکەربوون بۆ خۆرێکخستنێکی تری وڵاتانی براوەی جەنگ لە فۆرمێکی جیاواز و گردبوونەوەیان لەدەوری ئەو قازانج و دەستکەوتانەی، کە دوای جەنگ دەوڵەتە براوەکان بەریان کەوتبوو. لەم نێوەندەدا (کۆمەڵەی گەلان– عصبة الامم) لەسەروبەندی کۆنگرەی پاریس بۆ ئاشتی ساڵی ١٩١٩ دامەزرا.کە دیارە ئەمیش وەك هەر رێکەوتننامەکانی دی بەحسابی خۆی رۆڵی ناوبژیوان و رێگرتن دەگێڕێ لە هەر جۆرە جەنگ و دەست درێژی و قۆرخکارییەك، کە لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا روبدات. بەڵام دواجار بینیمان کە هیچی بۆ نەکراو مایەپووچ دەرچوو، تا سەر ئەنجام بە تەواوی هەڵوەشایەوە و رێی خۆشکرد بۆ دروستبوونی سیستمێکی نێودەوڵەتی نوێتر لەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم. کە بە

(رێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان– منظمـة الامـم المتحـدة) ناسـرا لەمێژوودا.

بە هەرحاڵ ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستی ئێمەیە، دۆزی کـورد و هەسـتی نەتـەوەیی گـەلی کـورد و بزاڤـە رزگـاری خوازانەکەیـەتی لـەو سەردەمەدا، کە ئاخۆ چ سەنگ و پێگەیـەکی لـەنێو ئـەو پەیماننامـە و رێککەوتنـە جیهانیانـەدا هـەبووە و وڵاتـانی زلهێـز چـۆن مامەڵـەیان لەتەکدا کردووە و تا چەند چاویان لـە ئاسـتیدا نوقانـدووە. کـە بـەڕای ئێمە گـەر لـەرووی مێژوویـیـەوە بـۆ ئـەم هەسـتە نەتـەوەیی و تەنانـەت جووڵانەوە رزگاریخوازەکانی گەلەکەمان بڕوانین، ئـەوا مێـژوو شـایەتی چەندین بزوتنەوە و راپەرینی نیو سەدە لەوەو بەرمانە، کەچی تا ئـەو رۆژگارە بەفەرمی هیچ هێزێکی نێودەوڵەتی و باڵادەسـت نـەدانی پێـدا ناوین و نە ئاوڕیشی لێداوینەتەوە. بزووتنەوەی بەدرخانییـەکان ١٨٤٢ و راپـەرینـەکەی شێخ عوبێدوڵای نەهری ١٨٨١ لەو هەوڵە نەتەوەییانەی گـەلی کـوردن، کـە وڵاتـانی زلهێـز چـاویان لەئاسـتیدا داخـستووە. هەرچەندە لەو بەشـەی کـە دواتـر بـە باشـوری کوردسـتان ناسـراو لـە ئەنجامی رێکەوتننامەی سایکس پیکـۆوە ، بـە تـۆبزی و بـێ خواسـتی گەلەکەمان کورد لکێندرا بە عێراقی دروستکراوی ئەمڕۆوە، ئـەوا دۆزی کورد لە نێوەندەکەدا بەهۆی پێگە و سەنگییەوە بۆ یەکەمجار فۆکسی خرایە سـەر و بزوتنەوەکـەی ئاسـۆیەکی لێـوە دەرکـەوت، هەرچـەندە بەشێوەیەکی نەرێیش بـوو، چـونکە هـیچ نـەبێت گـەلی کوردیـان وەك

گـــەلێکی خـــاوەن مـــاف دەدا لـــە قەڵـــەم،جا بـــا ئـــەو مافەیـــشیان نەسەلماندبێت! ئەمەش بۆخۆی تاڕادەیەك دڵخۆشکەر بوو!

بۆیە کاتێك (لە ساڵی ١٩١٤ بەریتانیەکان باشور و ناوەندی عێراق داگیر دەکەن، کـە ویلایەتـەکانی بەغـدا و بەسـرە بـوون و چـوار سـاڵ پاشتریش ویلایەتی موصل، کە زۆرینەی کورد بوون بەبڕە نەوتـە زۆرو دەرنەهێنراوەکەیەوە دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و ئینتیداب بەسەر عێراقـدا دەسـەپێنن و ئـەمیر فەیـسەڵ وەك یەکـەم پاشـای عـەرەب دەکەنـە فـەرمانڕەوای وڵات و لەسـاڵی ١٩٢٦یـشدا ڕێکەوتننامەیـەك لەگەڵ عێراق و تورکیا مۆردەکەن و بەیەکجاری موصل دەخەنـە سـەر دەوڵەتی عێراق و پەیمان دەدەن کە ماف گەلێکی کەلتوریی دیاریکراو بدرێت بە دانیشتوانی کـوردی ویلایەتەکـە)[٣] ئـەوا بەپێـچەوانەوە گـەلی کورد لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و کەلتوری بێبەش دەکرێت و بەهیچ جۆرێ ئاوڕی لێنادرێتەوە!

هەرچەندە لەو ماوەیەدا واتە لەسـاڵی ١٩١٤–١٩٣٠ بزووتنـەوەی کورد لەو بەشەی باشوردا و بە تایبەتی لە ناوچەی لیوای سلێمانی دوو خوولی حوکمڕانی شێخ مەحمود بە خۆیـەوە دەبینێـت،( ١٩١٨/١١/١٧ تا حوزەیرانی ١٩١٩ و تەموزی ١٩٢٣ بۆ تەمووزی ١٩٢٤) بەڵام دواجار بـەهۆی هەنـدێك هۆکـاری خـۆیی و بابەتیـەوە ئـەو حوکمڕانیـە و ئـەو بزوتنـەوە و ڕاپەرینانـە هـەموو لـەباردەبرێن و شـۆڕش لـەم بەشـەی کوردسـتانی عێراقـدا بـۆ ماوەیـەك خـامۆش دەبێـت و دەکوژێتـەوە!

لەکاتێکـدا بــە قــازانجی کوردەکــانی کوردســتانی بــاکور بەنــدەکانی (٦٢,٦٣,٦٤)ی پەیماننامەی سیڤەر لە (١٩٢٠/٨/١٠)دا، هێزوو تینێکی تر دەبەخشن بە بزوتنەوەی کوردایەتی! کەچی هێنـدە نابـات چـەندین رووداوی جۆراوجـۆری وەك.. دروسـتبوونی دەوڵـەتی عێـراق و هاتنــە ســەرکاری تورکیــای کەمالیــستی و روخــانی روســیای قەیــسەری و ئاشــکرابوونی بەنــدە نهێنییــەکانی پەیماننامــەی ســایکس پیکــۆ لــە سەردەســتی بەلــشەفیەکان و کوژاندنــەوەی حکومڕانییەکــەی شــێخ مــەحمود و بەســتنی پەیماننامــەی لــۆزان (١٩٢٣/٧/٢٤) کــە ســەری پەیماننامــەی ســیڤەر دەخــوات، هــەموو بــە نــەرێی و بــەزەرەری بزوتنەوەی نەتەوایەتی گـەلی کـورد لـە هـەر دوو کوردسـتانی عێـراق و تورکیا دەشکێنەوە. ئیتر بۆ چەند دەیەیەك شـۆڕش و بـەرخۆدان لـەم دوو بەشەی کوردستاندا بە خامۆشی مایەوە. بەڵام ئەمانە، هیچی لەوە نەگۆڕیی، کە بزاڤ و هەستی ناسیۆنالیستی لای تـاکی ئـەم گەلـە بـۆ وەدەست هێنانی ئازادی و دورسـتبوونی کیـانێکی کـوردی پێیناوەتـە قۆناغێکی نوێتر و هەروا بەئاسانی ناتوانرێ لەمەودوا رێی لێبگیرێت و بگرە تا ئەمڕۆش ئەو خواستە رۆژ لـەدوای رۆژ زیـاتر روو لـە گەشـە و ترۆقییە!

دوای بڕانـەوەی جـەنگی جیهـانی دووەمـیش (١٩٣٩/١٩٤٥) کـە بەسـەرکەوتنی وڵاتـانی هاوپـەیمان و تێکشکاندنی وڵاتـانی میحـوەر و نازیەت و فاشیەتی جیهانی کۆتایی هات، هەلوومەرجە نوێیەکەی دوای

جەنگ و هاتنەکایەی هێزی نویٚ و دابەش بوونی جیهان بەسەر هەردوو ئۆردوی سۆشیالیست و سەرمایەداریدا و دروستبوونی دوو هاوپـەیمانی سەربازی گەورە و دژ بەیەکی وەك (ناتۆ– وارشۆ). ئەوەی دەخواست کە، سەر لەنویٚ زلهێزانی دونیا چاو بە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا بخشێننەوە و سیستمێکی جیهانی نویٚ بـۆ هاوسـەنگی هێـز و هەرچـی زیاتر دورخستنەوەی کۆمـەڵگای نێودەوڵەتیـە لـە هـەر شـەڕێکی تـری ماڵوێرانکـەر، لەبـەردەم پێـدراوە سیاسـی و ئـابوریی و سـەربازییە نوێیەکانـدا بهێننـە کایـەوە. بەمـەش هەرچـۆن دونیـای نـویٚ لـە رووی سیاسی و سـەربازییەوە بەسـەر ئـەو دوو هێـزە جیهانیـەدا(ئـەمریکا– یەکێتی سۆڤێت) دابەش بوون، ئەوا جوگرافیا و سـنورەکان و وڵاتـانی خۆهەڵاتی ناوەڕاستیش بە نویٚ و دێرینیانەوە، کە لێوان لێو بـوون لـە کێـشەی نەتـەوەیی و ئـەتنیکی و ئـاینی و مەزهـەبی، دابـەش بـوون و بوونـە بەشـێك لـە پیـادەکردنی سیاسـەتی ئـەو دوو هێـزە گەورەیـەی جیهان. کە ئەمەش هەمووی بە زەرەری دۆزی گەلانی بندەست و ئـەو میللەتـە و گروپـە ئەتنیکییانـە شکایەوە، کـە تـا ئـەو کاتـە لـە مـافی نەتەوەیی خۆیان بیٚ بەش بوون و خـاوەنی کییـانی نەتـەوەیی خۆیـان نەبوون.

چونکە لەو رۆژگارەدا هەر گۆڕانکارییەك گەر بەسەر ئاسۆی دۆزی نەتەوەیی گەلاندا بهاتایە، یان هەر دەسـتکارییەك لـە هـەر سـنوورێکی جوگرافیادا بکرایە، دەبوو پێش هەر شتێك حساب بۆ پارسەنگی هێز و

هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا بکرێت و لەبەرچاو بگیرێت. دەنا نەك هەر بوار بۆ هیچ گۆڕانکارییەك نەدەدرا، بەڵکو هەنگاو بەو ئاڕاستەیە بڤەو حەرام بوو! بۆیە گەر چاوێك بە گۆڕانکارییە جوگرافی و سنورییەکاندا بخشێنن کەلە ساڵی ١٩٤٥ وە، واتە لە سەروبەندی دورستبوونی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تا روخانی کۆمارەکانی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٨٩دا رویانداوە ، ئەوا لە هەموو دونیایدا لەو سەردەمەدا جگە لە دورستبوونی دوو دەوڵەتی نوێ( بەنگلادیش لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا لەساڵی ١٩٧١ و دەوڵەتی ئیسرائیل لە خۆرهەڵاتی ناویندا لە ساڵی ١٩٤٨)کە یەکەمیان سەر بە فەلەکی سۆڤیەت و ئەوی دووەمیش سەر بە ئۆردووی سەرمایەداری بوو، هیچ جوگرافیایەکی نوێ و هیچ سنورێکی نوێی دەوڵەتان نە دەستکاری کراوە و نە دورستیش بووە! ئەمەش بۆخۆی کاریگەریی نەرێی لەسەر خواست و خەونی گەلانی بندەست لەناوچەی خۆهەڵاتی ناویندا هەبوو، کە گەلی کورد وەك یەکێك لە گەلە بێماف و هاوکات دێرینەکانی ئەم ناوچەیە لەو پریشکە نەرێییە بێ بەری نەبووە! چونکە مامەڵەی هەردوو زلهێزەکەی دونیا و هاوکات ولاتانی وابەستە لە ناوچەکەدا کە وەك داردەست کاریان دەکرد، هەمیشە لە رووی هاوسەنگی هێز و سود و قازانجی ئاغا کانیانەوە لە کێشە و مەسەلەی رەوای گەلی کوردیان روانیوە. دیاربوو ئەو رۆژگارەش داننان بە مافەکانی گەلەکەماندا بەهیچ جۆرێ لەتەك بەرژەوەندی ئەو زلهێزانەدا نەجووت دەبوو

نەدەهاتیشەوە ! بۆیە هەرکاتێك شۆڕشی کورد هەنگاوێك دەچووە پێشەوە و دەیویست شتێك بە شتێك بکات کەچی بە پیلانێك و گەلە کۆمەکێیەکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، شۆڕش توشی نشوست و هەڵدێر و گلان دەبوو.ڕێککەوتنامەی جەزائیر ١٩٧٥/٣/٦ دیارترین دەرەنجامی نموونەی هاوسەنگی هێز و ئەو سیاسەتە پیلانگێڕیە بوو کە دەوڵەتانی ناوچەکە بە ئاگاداری هێزێکی گەورەی جیهانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دژی کورد و شۆڕشەکەی کردیان. ئیتر بەم جۆرە سەرجەم سیستمە سیاسییە نێودەوڵەتیەکان هەر لەدوای جەنگی واترلۆ و لەکۆنگرەی بەرلینەوە ١٨٩٨ تا روخانی دیواری بەرلین لە ١٩٨٩ بەوانەی کە کورد دەنگ و رەنگی تیانەبووە و تا ئەوانەشی، کە گەلی کوردیان تیا دابەشکرا بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا ، هەر هەموویان دارەکەیان لەسەر کورد و بزاڤەکەیدا شکاندۆتەوە و هیچ مافێکی گەلی کوردیان نە سەلماندووە و بگرە کوردیان کردۆتە قوربانی پیلانە رەش و گڵاوەکانیان !

بۆیە لەمێژووی نوێی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کوردا، هەر لە بزووتنەوەی بەدرخانیەکانەوە تا دەگاتە راپەرینەکەی شێخ عوبێدوڵای نەهریی و حوکمڕانیەکەی شێخ مەحمود و بزووتنەوەی بەرزانیەکان و کۆماری مهاباد و شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ تا داگیرکردنی کوەیت لە ١٩٩٠/٨/٢دا، کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا، جگە لە شکست و نسکۆ و داڕمان هیچی بەنسیب نەبووە. تا خواکردی

دوای رووخانی دیواری بەرلین ١٩٨٩/١١/١٦ و دوای پرۆژە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی گۆرباتشۆف بەناوی (گلاسنۆست و بریسترۆیکا) کە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەت و کۆتایی بە ئۆردوگای سۆشیالیستی و دوو جەمسەری هێنا، کورد فۆکسی خرایە سەرو ئاوڕی لێدرایەوە ! ئیتر ئەمانە هەموو رێخۆشکەر بوون بۆ هێنانە کایە سیستمێکی نوێی تاك جەمسەری و سەرهەڵدانی سیستمێك بە ناوی نەزمی نوێی جیهان، کە تیایدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزی لیبرال بوونە بانگەشەی کۆتایی مێژوو.کە ئەمەیان بۆ کورد و دۆزەکەی بووە خێرو بەرەکەت! دواتریش داگیرکردنی کوەیت لە لایەن رژێمی ئەوسای عێراق و خیتابە بەناو بانگەکەی بۆشی باوك لە مانگی ١٩٩٠/٩دا کە تیایدا جاڕی سیستمە نوێیەکەی دا بەگوێی جیهاندا ، هەموو مژدەیەکی نوێ بوون بۆ دۆزی گەلانی بندەست لە جیهاندا. دیارە گەلی کوردیش لەم نێوەندەدا ئاهێکی بەبەردا هاتەوە و تارادەیەکی باش ئاوڕی لێدرایەوەو بووە یاریکەرێکی گرنگی ناوچەکە !

ئیتر بەمجۆرە گۆڕانکاریی بەسەر ئەو سنوور و جوگرافیا سەپێندراوانەدا هات،کە تا دوێنێ بڤەو حەرام بوو! بەمەش زۆر گەل و نەتەوەی بندەست بە مافی چارەی خۆنووسین گەیشتن و بوونە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان. کە ئەتوانین بڵێین لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ، کە نزیکەی ٢٥ ساڵ دەبێت، ئەوا زیاتر لە ٢٠ دەوڵەت و بیست

کییانی نویّ له جیهاندا هەر لـە ئـەورووپاوە تـا دەگاتـە کیـشوەرەکانی ئاسـیا و ئـەفریقیا دروسـتبوون و جیابونەتـەوە و بونەتـە ئەنـدام لـە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا،کە زۆربەیان هێندەی ئەمڕۆی گەلی کورد لەهەرێمی کوردستاندا نەپایـەکانی دەوڵـەت بوونیـان هـەبوو، نـە سەنگ و پێگەی نێودەوڵەتیشیان هەبوو!

جیابوونـــەوەی کۆمارەکـــانی یـــەکێتی ســـۆڤێتی جـــاران و هەڵوەشاندنەوەی یوغوسلافیا و چیك و دروستبوونی دەوڵـەتانی نـوێی وەك بۆسنە و هەرسك و تەیموری خۆرهەڵات و جیابوونەوەی ئەریتیریا لە ئەسیوپیا و باشوری سودان لە سودان، لەو دەوڵەتە نوێیانـەن، کـە دوای رووخانی دیـواری بـەرلین و سیـستمی نـوێی جیهـان هاتنـە سـەر شانۆی سیاسیەت!

ئێمەی کوردیش خـۆش بەختانـە، ئـەمڕۆ پریـشکێکی باشـی ئـەو گۆڕان کارییانەمان بەرکەوتوە و بەسود وەرگـرتن لەهەلوومەرجـە نێـو دەوڵەتیـە نوێیەکـە و دواتـر گـەردەلولی بیابـان، کـە هاوپەیمانیـەکی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، عێراقـی لە کوەیت وەدەرنا و بەمەش جبەو جبەخانە و چڕنوکە سـەربازیەکانی عێراق کول و کۆڵ بوو، هاوکات دەرچوونی بڕیاری ٦٨٦ یش، کە بووە هۆی دروستبوونی زۆنێکی ئارام و دابینکردنـی ناوچـەی دژە فـڕین بـۆ گەلەکەمان، کورد راپەرینێکی مێژووی بەرپاکرد. کە بەڕای من پێگە و ئەزموونی حکومەتی هەرێم و ئەمڕۆی دۆزی گەلەکەمان بە پلەی یەکەم

بەرهەمی ئەو هەلوومەرجە نێو دەوڵەتیەو بە پلەی دووەمیش ئەو راپەرینە مەزن و پیرۆزە بوو، کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ١٩٩١/٣/٥دا پێی هەستان!

ئەمڕۆش کە هێشتا ئەم نەزمە نوێیە باڵا دەست و بەرقەرارە، ئەوا سەرباری پێگەی سیاسی و ئابوری وڵاتانی ئەوروپا و زلهێزێکی گەورەی وەك دەوڵەتی چین، هێشتا ئەمریکا هێزی یەکەمی ئابوریی و تەکنۆلۆجی و سەربازی و تەنانەت کەلتوری باڵادەستی جیهانە و ئەو پەیام و پرانسیپە بەناوبانگەش، کە لەسەری بنیادنراوە و بریتیە(لە کۆنترۆڵکردنی پۆزەتیفانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و شارستانیەت) هێشتا کۆتایی نەهاتووە و ناوکی سەرەکی ئەم نەزمە نوێیە پێکدەهێنێت. دیاریشە مەبەست لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بریتیە لە چارەسەر کردنی کێشەی هەرێمەکان و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و بەدەست هێنانی ئازادی بۆ گەلان و پیادەکردنی سیستمێکی دیموکراسیی ، کە هاووڵاتیانی گشت لایەك بێ هیچ جۆرە جیاوازیەکی ئەتنیکی و ئایینی و مەزهەبی مافی وەکیەکیان لە بەرامبەر یاسادا بۆ دەستەبەر بکرێت.دیارە بە پراکتیك کردنی ئەم پرانسیپەش سەرەنجام بەقازانجی گەلی کورد و دۆزەکەی گەڕایەوە، هەرچەندە هێشتا بەکامی دڵی خۆمان کە مافی چارەی خۆنوسینە نەگەشتووین، بەڵام من بۆخۆم پێموایە لەسەرەتای ئەو کاروانەداین و گەیشتن بە مەنزڵ زۆر نزیکە! بەتایبەتی دوای هەندێك روداویی گرنگی جیهانی و ناوچەیی، کە

لەمدواییەدا روویاندا. کاریگەریەکی گەورەیان لەهەرچی زووتر پێگەیاندنی هەلوومەرجە بابەتی و نێودەوڵەتییەکە کرد ، بە قازانجی دۆزەکەمان و بۆ دیارییکردنی مافی چارەی خۆنووسین!.

رووداوەکەی یانزەی سێپتەمبەر و پرۆژەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستی گەورە و رووخانی رژێمی سەدام و هاتنی بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی داعش و مەترسی تیرۆر لە ئەوروپا لەو گۆڕانکاریە ناوچەیی و نێودەوڵەتیانە بوون، کە رۆڵی چارەنوسازیان لەسەر بڕیاردان یا لانی کەم، یەکلاکردنەوەی زۆرێك لە کێشەو ململانێکانی ناوچەی خۆرهەلاتی ناوین هەبووە. لەڕووی لۆکاڵی و ناوخۆیشەوە، ئەوا بەنسبەت پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندەوە، ئەوا هەڵوێستە نەرێییەکانی دەسەلاتداری ئەمرۆی عێراق ..

١ – لە بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستان..

٢ – ئەتك کردنی دەسەلاتی سیاسی و دادوەریی لە عێراقدا،بە هەڵکوتانە سەر پەرلەمان..

٣– سڕکردنی سەرجەم ئەو ماددە دەستوریانەی، کە بە قازانجی دۆزی گەلەکەمان دەنگی بۆ دراوە..

٤– خواستی پاوانخوازانەی دەسەلاتدارانی ئەمرۆی بەغدا بۆ گەڕانەوە بۆ سەنتراڵیزمی سیاسی..

بەڕای من ئەمانە و چەندین هەڵوێستی نەرێی تر، دوا گورزە کە لەیەك پارچەیی خاکی عێراق دراوە و دەدرێت! بۆیە ئێستا هەلوومەرجە نێودەوڵەتی و گۆڕانکاریە ئیقلیمی و جیهانیەکان ئەوەمان لێدەخوازێت و ئەوەمان لێداوا دەکات، کە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا جاری هەڵوەشاندنەوەی عێراق بدات و کۆتایی بە پەیامی پاوانخوازی سەنترالیزمی ئەمڕۆی دەسەڵاتی عێراق بهێنێت ، ئەویش لەبەردەم ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١- ڕاستە ئەمریکا و هەندێك لە زلهێزانی دونیا سیاسەتی فەرمیان پشتگیری کردنە لە یەك پارچەیی خاکی عێراق، بەڵام دیوە شاراوەکەی دیبلۆماسی سیاسی و جووڵە سیاسیەکانی پشت پەردە و پشت کەوالیست، ئاماژەن بۆ پێچەوانەی ئەو سیاسەتە فەرمییە!

٢- مەبدەئی شەراکەتی ڕاستەقینە و دیموکراسیەتی تەوافقی، کە تاکە ڕێگای زامنی ئاشتی و پێکەوە ژیانی گەلانی عێراقە بە یەکجاریی کۆتایی هاتووە!

٣- عێراقی نوێ لەم چەند ساڵەی تەمەنیدا بە پراکتیك نەیتوانی عێراقی هەموو عێراقییەکان بێت بە کورد و عەرەب و کلد و ئاشور و تورکمان و شیعە و سوننە و هەموو ئاین و ئاینزاکانەوە. بۆیە هەڵوەشاندنەوەی بە ئاشتی، لە پێکەوە ژیان بە تۆپزیی گەلێ باشترە!

٤- ئەمڕۆ عێراقی شیعە لە عێراقی سوننە و عێراقی کوردیش لە

هەردووكیان جیایە !

٥- ئـەو بەندانـەی دەسـتور، كـە بـە قـازانجی مافـەكانی گـەلی كـورد نوسـراون و دەنگیـان بـۆ دراوە، هیـچی نەخراوەتـە خانـەی پراكتیكـەوە و بگـرە بـە تـۆز لێنـشتویی لەسـەر رەفـە و لـە مۆزەخانەی سیاسی عێراقدا دانراوە !

٦- دەركەوت سـەد ساڵەی سایكس پیكۆ، چۆن بەرهـەمی هەڵـەی مێـژوویی و سیاسـی و كـەلتوری بـوو، ئـەوا مانـەوە و درێـژە پێدانیشی لەمڕۆدا بە هەمان ئەو فۆرمەی دوێنێ، هەمان هەڵەیە و هیچی دی!

بۆیە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی كورد لـە هـەرێمی كوردسـتان لـە دوای ئـەو سـوكایەتیەی كـە بـە ئـیرادەی نەتـەوەیی كـراوە لـە بڕینـی بودجە و مووچە و وەدەرنانی نوێنەرەكانیان لە پەرلەمانی عێـراق و لە دوای ئەو سیاسەتە چەوتەی، كە ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی عێراق گرتویانەتەبـەر لـە گەمـەكردن بـە مـاددەی ١٤٠ و لـە تـەنگ پێهەڵچنینی وەزیرە كوردەكان و لە هاوكاری نەكردنی لانی كـەمی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە رووبەڕوو بونەوەی داعش، هـەق وایە چیتر یەك سەعات لە بەغدا نەمێننـەوە و جـاری ریفرانـدۆم و مـافی چـارەی خۆنوسـین بـدەن و هـەموو هەوڵـە نێودەوڵـەتی و لۆكاڵییەكان بخەنە گەڕ تا گـەلی كوردسـتان و گـەلی عێـراق لـەدوو فۆرم و دوو دەوڵەتی جیادا ببنە دوو دراوسێی گیـانیی بـەگیانیی یەكتر.

# پاساوەکانی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان

پشتیوان سادق

دامەزراندنی دەوڵەت لە ڕێگەی جیابوونەوەوە لە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرو دانپێنراو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنانەت ئەگەر ئەو دامەزراندنەش بە پێی مافی چارەی خۆنووسین بێت، لە هەندێك حاڵەت کۆمەڵێك کێشەی یاسایی ئەوروژێنێت لە ئەنجامی پێشێلکاری جیابوونەوەکە بۆ هەندێك لە پرەنسیپ و بنەمای یاسای نێودەوڵەتی وەکو پرنسیپی سەلامەتی هەرێمی (مبدأ السلامة الإقليمية)و سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەت ئەمە جگە لە بەرکەوتنی بە کۆمەڵێك لە بەربەستی سیاسی، مێژوویی و جوگرافی وە بۆ خواستی سیاسەتەکانی پاوانخوازی. ئەمانە هەمووی وا دەخوازێت کە بۆ جیابوونەوە ئەوەندە پاساوت هەبێت بەشێوەیەك کە بوونی ئەو پاساوانە وا بکات بەها یاساییەکەی مافی چارەی خۆنووسین زۆر زیاتر بکات و لەسەر حیسابی پرنسیپ و بنەماکانی تر و لە بەها یاساییەکانیان کەم بکاتەوە.

جا بۆیە لەپاڵ ئەو مەرج و پێداویستییە یاساییانەی کە پێویستە هەبێت لە گەلێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە

ڕێگای جیابوونەوە کۆمەڵێك لـە پاسـاو هـەن کـە گەلـەکان پـشتی پـێ ئەبەستن بۆ پیـادەکردنی مـاف چـارەی خۆنووسـین و جیابوونـەوە لـە دەوڵەتی دایك، وە سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش زۆر پاساو هەن کە دەتوانێ پشتی پێ ببەستێت بۆ جیابوونەوەی لـە دەوڵـەتی عـێراق هەندێکیان یاسایین و هەندێکی تر سیاسیین کە لـە دوو بەشـی جیـاواز باسیان دەکەین.

## یەکـەم- پاسـاوە یاسـاییەکانی جیابوونـەوەی هـەرێمی کوردسـتان لـە دەوڵەتی عێراق:

ئەو پاساوانەش بریتین لە کۆمەڵێك لە سـەنەد و پاڵپـشتی یاسـایی کە گـەلی کوردسـتان دەتـوانێ پـشتی پـێ ببەسـتێت بـۆ بـەهێزکردنی داواکارییـەکانی لـە ڕووی یاسـاییەوە بـۆ جیابوونـەوەی لـە عـێراق کـە خۆیان لەمانەی خوارەوە ئەبینێتەوە:

### ١- مافە مێژووییەکان (الحقوق التاریخیة):

زۆر لە نووسەرانی یاسـای نێودەوڵـەتی پێیـان وایـە کـە مـاف جیابوونــەوەی گــەلێك بــۆ پێکهێنــانی دەوڵــەتێکی ســەربەخۆ پاساوێکی بە هێزی یاساییەلە حاڵەتی وەرگرتنەوەی ئـەو خاکـەی کـە کـاتی خـۆی ئـەو گەلـە لەسـەری دەوڵـەتی سـەربەخۆی دامەزرانـدبوو و بـەڵام دواتـر بـە شـێوەیەکی سـتەمکارانە لێـی زەوتکراو بێبـەش کـرا لێـی.جیابوونـەوەی دەوڵـەتانی بـەلتیق لـە

یەکییەتی سۆڤییەتی پێشوو ساڵی ١٩٩١، دەکرێت وەکو نموونە بۆ ئەو جۆرە پاساوانە بهێنینەوە.

ڕاستییە مێژووییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەلی کورد لە دێرزەمانەوە خاوەندارییەتی شەرعی ئەو خاکە بووە کە لەسەری دەژیاو حکومدارییەتی ئەو وولاتەی دەکرد لە مێژووی کۆن. وە لەگەڵ ئەوەی کە لەلایەن زۆرێك لە گەل و ئیمپراتۆرکانی ناوچەکە وەکو ئەرمەنییەکان، رۆمانییەکان،ئاشوورییەکان، میدییەکان، فارسەکان و مەقدۆنییەکان، عەرەبەکان و عوسمانییەکان بە زەبری هێز داگیرکراوە، بەڵام هیچ کاتێك ملکەچی داگیرکەران و پیلانە هەرێمی نێودەوڵەتییەکان نەبووە، وە هەردەم هەوڵی داوە رزگاری بێت لە ژێردەستی بە دروستکردنی زۆرێك لە میرنیشینی سەربەخۆ وەکو هەردوو میرنیشینی سۆران و بۆتان، کە توانیان فەرمانڕەوایی ناوچەکە بکەن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن.

ئەم ڕاستییە مێژووییانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گەلی کورد فەرمانڕەوایی خۆی کردووە لە چەند کاتێکی دیاریکراو لە ماوەی درێژخایەنی مێژووە سیاسییەکەی.

وە بە پێی دیراسەتێکی سیاسی ئاماری کۆمەڵایەتی کە نووسەر (تید روبەرت جار) کە لە پەرتووکەکەی بە ناونیشانی (أقليات في خطر) ئاماژەی پێکردووە، ٢٣٣ کۆمەڵی کەمینە لە دەوڵەتی جیاجیا، نزیکەی ١٢٠ لەو کۆمەڵانە بنچینەی داواکارییەکانیان بۆ سەربەخۆیی بریتی بوو لەو ڕاستییەی کە ئەو کۆمەڵانە لە زەمەنێکی رابردووی دیاریکراو خۆی فەرمانڕەوایی خۆی کردووە.

## ٢- تاوانی بەکۆمەل کوشتن (جینۆساید) و پاکتاوی ڕەگەزی:

ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی دژ بە گەلێك بە پاساوی یاسایی زۆر بەهێز دادەنرێت بۆ جیابوونەوەی ئەو گەلەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

حکومەتی عیراقی بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە دەیان جار ئەو جۆرە تاوانانەی ئەنجام داوە دژ بە گەلی کورد بە کوشتنی هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە. ئەویش بە کوشتنی نزیکەی (٨) هەشت هەزار کەس لە پرۆسەی ئەنفالی بارزانییەکان، ئەمە جگە لە کوشتنی ١٨٢٠٠٠ سەدو هەشتاو دوو هەزار کورد کە لەناویاندا ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەت و منداڵ و هەندێك جار تەواوی دانیشتوی گوندەکان بوونە قوربانی لە ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال. وێرانکردنی (٤٠٤٠) گوندو شارۆچکەو دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکانیان، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە دانیشتوانی مەدەنی زۆر لە ناوچەو شارۆچکە کوردییەکان بە تایبەتی تاوانی جینۆسایدی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە، وە زۆر بەی زۆری ئەم تاوانانە، بە بڕیاری دادگای سزایی باڵای عیراقی کە لە دوای روخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دامەزرا، بە تاوانی کۆمەڵکوژی هەژمار کرا.

وە هەروەها حکومەتی رژێمی بەعسی هەر لەسەرەتای وەرگرتنی دەسەڵات لە ١٩٦٨ تاوەکو روخانی لە ٢٠٠٣ پەیرەوی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی دەکرد لە ناوچە کوردییەکان بۆ ئەو مەبەستەش شێوازی جۆراو جۆری بەکار دەهێنا بۆ پاکتاوکردنی ناوچە

کوردییەکان لە دانیشتوە ڕەسەنەکانی و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان لە شوێنیان بۆ گۆرینی حەقیقیەتی دیموغرافی ناوچەکان بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکوك و دەوروبەری.

## ٣- پێشێلکاری دەستوری عیراقی کە دامەزرێنەری فیدرالیەتە:

فیدرالیەت یەکگرتنێکی ئازادانەیە لە نێوان دەوڵەتان یان هەرێمەکان لەسەر ئەو بنچینەو مەرجانەی کەپێشوەخت لەسەری ڕێکدەکەون و لەناو دەستور دەنووسرێتەوە. جا بۆیە پێشێلکاری زەقی ئەو بنچینەوە مەرجانە دەکرێت ببێتە پاساوی بەهێز بۆ هەرێمەکان بۆ پاشگەزبوونەوە لە یەکگرتنەکە یان جیابوونەوە لێی.

هەرچەندە دەستوری عیراقی بە دەقێکی ڕاشکاوانە باس لە مافی جیابوونەوەی هەرێمەکان ناکات، بەڵام لە دیباجەی دەستور ئاماژە بەم مافەی داوە کە تییادا هاتووە ((پابەندبوون بەم دەستورە یەکیەتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری عیراق دەپارێزێت)).

وە گرنگترین پێشێلکارییەکانی حکومەتی فیدرالی بۆ دەستور کە دەکرێت بکرێنە پاساو بۆ جیابوونەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- لەسەر ئاستی عیراق حکومەتی عیراقی بە شێوەیەکی گشتی رێزی لەم بەندە دەستوریانە نەگرتووە کە تایبەتن بە شەراکەت و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و بیناکردنی دیموکراسی و فرەیی سیاسی و یەکسانی نێوان نەتەوەو ئاین و مەزهەبەکان.

ب- پەکخستنی ئەو بەندە دەستوریانەی کە ئیحالەی ڕێکخستنی

یاسایی زۆر لە بابەتەکانی کردووە بۆ دەرچواندنی یاسای تایبەت کە ژمارەیان زیاتر لە ٥٠ بابەتە کە زۆر پێویستن بۆ بیناکردنی دیموکراسی و سیستەمی فیدرالی و دروستکرنی دامودەزگای دەستوری زۆربە و زۆری ئەم یاسایانە هەتا ئێستا دەرنەچوونە.

ت- پابەند نەبوون بە جێبەجێکردنی مادە ١٤٠ لە دەستوری فیدرالی کە تایبەتە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە پێویست بوو بریاری کۆتایی لەسەر ئەو ناوچانە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بدرێت، بەڵام هەتا ئێستاش جێبەجێ نەکراوە.

پ- پێشێلکاری حکومەتی عیراقی بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە سامانە سروشتییەکان.

ج- برینی بەشە میزانییەی هەرێم، کە قوت و بژێوی خەڵکی کوردستانە.

**٤- هەرەشەکردن بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی:**

بە پێی برگە (یەکەم-أ) لە مادە ٩ ی دەستوری عیراق هێزی چەکداری عیراقی دامودەزگا ئەمنییەکان پێکدێن لە پێکهاتەکانی گەلی عیراق بە رەچاوکردنی هاوسەنگیان و یەکسانیان بە بێ جیاوازی و دورخستنەوە، وە ملکەچی سەرکردایەتی دەسەڵاتی مەدەنییە، وە پارێزگاری لە عیراق دەکات، و نابێتە ئامرازێك بۆ داپلۆسینی گەلی عیراقی، و دەسوەرنادات لە کاروباری سیاسی و هیچ رۆڵێك نابینێت لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

بەڵام حکومەتی عیراقی بە تەواوی ئەو مادەیەی پێشێلکردووە لە ناعەدالەتی لە پێکهێنانی ئەو هێزە سەربازییە بە دورخستنەوەی سەرکردە سەربازییەکانی کورد.

وە چەندین جار حکومەتی عیراقی لە ساڵی ٢٠٠٨ هەرەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی کردووە دژ بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەریم، بۆ نموونە جوڵاندنی هێزی سەربازی لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ قەزای خانەقین و جەلەولا. وە لە هەمان کاتیش فەرمان بە هێزی سەربازی کرا بۆ چوونە ناو کەرکوك، وە لەمانگی ئابی ٢٠١٢ هێزی سەربازی عیراقی لە باشوری عیراق جوڵێنرا بۆ ناوچەی شەنگار و زومار و ناوچە سنوورییەکانی نێوان عیراق و سوریا لە دیوی هەرێمی کوردستان،

**٥- لکاندنی گەلی کوردستنی عیراق بە زۆرەملێ بە دەوڵەتی عیراقی دروستکراو و ئاستەمی پێکەوەژیانی ئاشتیانە:**

بە پێی پرنسیپی مافی چارەی خۆنوسین لکاندن گەلێك یان هەرێمێك بە دەوڵەتێك یان جیاکردنەوەی و لکاندنی بە دەوڵەتێکی تر نابێت ئەنجام بدرێت بە بێ راپرسی ئەو گەلەی دانیشتووی ئەو هەرێمەیە کە دەویسترێت جیا بکرێتەوەو بلکێندرێت بە دەوڵەتێکی تر. بۆیە هەر بڕیارێك دەدرێت بە لکاندنی هەرێمێك بە دەوڵەتێکی تر بەبێ ڕەزامەندی دانیشتوانی هەرێمەکە لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی فەرمی و حەقیقی بە ناڕەواو هەڵوەشاوە دادەنرێت و پێشێلکارییە بۆ مافی چارەی خۆنووسین.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە ئەم پاساوە بە گرنگترین ئەو پاساوانە دادەنرێت کە لایەنگرانی سەربەخۆی (هاوای) پشتیان پێبەست بۆ جیابوونەوە لە ولاتە یەکگرتوەکان.

ئاشکرایە کە دەوڵەتی عیراق هاتە کایەوە لە ئەنجامی پلانێکی ئیستعماری لە ڕێگەی ڕێککەوتننامی سایس- بیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ دارشتنی بۆ کرا. وە عیراق بەو شێوازەی ئێستا نە وجودی واقیعی و نە وجودی قانونی نەبوو پێش ١٩٢١.

گەلی کوردستان کە زۆربەی ولایەتی موصلی پێکدەهێنا لەو کاتەی بە پێ پەیماننامەی سیفەر کە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبوو بە پێی ئەو پلانە ئیستعماریە خرایە پاڵ دەوڵەتی عیراق بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی گەلی کورد کە زۆرینەی ئەم ولایەتەی پێك ئەهێنا، تەنانەت لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی کۆمەڵەی گەلانیش بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ولایەتی موصل نەگەڕاوە بۆ ڕاپرسی گەلی ولایەتی موصل وە لەساڵی ١٩٢٦ کۆمەڵەی گەلان بەشێوەیەکی ڕەسمی بڕیاریدا کە ولایەتی موصل بەشێکە لە دەوڵەتی عیراق. لەو کاتەوە عیراق بوو بە دەوڵەتێکی فرە پێکهاتەی موعەقەد لە ڕووی فرە نەتەوەیی و فرە ئاینی و فرە مەزهەبی.

مێژووی سیاسی عیراق ڕووداوەکان لە ئێستاو لە ڕابردوو پێمان دەلێن کە جیاوازی نێوان پێکهاتەکان کوردو عەرەب لەلایەك و سونەو شیعە لەلایەك ئەوەندە قوڵن کە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتەکانی عێراق بۆتە ئاستەم.

### ٦- پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی:

پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بە گرنگترین مەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت، و بە ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە دادەنرێت.

جا بۆیە ئەگەر هەر ململانێیەك تایبەت بێت بە داواکارییەکانی مافی چارەی خۆنووسین ببێتە هۆی تێکدانی ئاشتی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەو کاتە ئەرکە نەتەوە یەکگرتووەکانە کە دەسوەردان بکات بۆ چارەسەرکردنی، وە بۆی هەیەبۆ ئەم مەبەستە هەموو ڕێکارێك بگرێتە بەر لە نێوانیشیان دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە ڕێخۆشکەری دەکات بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین. بۆ ئەو مەبەستەش بە دەیان بڕیار دەرچوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی ئیستعمارو یارمەتیدانی گەلانی ژێردەستە.

وە پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین کە بڕیاری ژمارە ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش لە٥/٤/١٩٩١ ئامانجەکەی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو دوای کۆچڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان، پاشان دروستکردنی ناوچەی ئارام و کشانەوەی هێزەکانی عێراقی و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**دووەم- پاساوە سیاسییەکانی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراق:**

جگـە لـەو پاسـاوە یاسـاییانەی کـە باسمـان کـردن کۆمـەڵێك لـە پاساوی سیاسی و هۆکاری ئەرێنی هەن کە یارمەتیـدەری هـەرێمن بـۆ ئاراستەکردنی بەرەو جیابوونەوە لـە دەوڵـەتی عـیراق کـە لـە خێرایـی تەنها ئاماژەیان پێدەدەین:

١- ئەزموونی هەرێمی کوردستان و پێشکەوتنی واقعی کوردی بـەرەو جیابوونەوە:

٢- ئـــەو گۆرانکارییـــە نێودەوڵەتییانـــەی کـــە یارمەتیـــدەرن بـــۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان:

٣- ئەو گۆرانکارییە هەرێمییانەی کە یارمەتیـدەرن بـۆ جیابوونـەوەی هەرێمی کوردستان: کە خۆیان لەمانەی خوارەوە ئەبینێتەوە:

- بەهاری عەرەبی.
- جیابوونەوەی جنوبی سودان و کاریگەری لەسـەر ئیمکانیـەتی جیابوونەوەی هەرێمەکان لەم دەوڵەتانەی هەن لەناوچەکە.
- گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی لە تورکیا و کاریگەری لەسەر مەسەلەی کورد.
- کێشە ناوەخۆیی و دەرەکییەکانی ئێران.
- دابەشـــکردنی دەوڵەتـــە ئیقلیمییـــەکان لەســـەر دوو محـــوەری کێبرکێکەر.

# دەوڵەت:
# لە نێوان کولتووری ژێردەستەیی و کولتووری ئازادیدا

**ڕێبوار سیوەیلی**
**پ. ی. ئەکادیمیای کوردی**

**<u>پێشەکی:</u>**

ساڵی ٢٠١٢ لە کۆنفرانسێکی بەشی فەلسەفە و گۆڤاری گولاندا، توێژینەوەیەکم لەسەر کورد و دەوڵەت پێشکەشکرد. لەو کاتەوە تا ئێستا کە ساڵی ٢٠١٦یە، زۆر گۆڕانکاریی بە سوود و زیانی بیرۆکەی دەوڵەت هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام یەکێك لەو گۆڕانە بەرچاوانە لە فەزای کولتووری سیاسیی نێوخۆیی و دەرەکییدا بریتیە لە کاریگەریی کولتوور لەسەر چۆنێتی قسەکردن لەبارەی دەوڵەتەوە.

**کولتوور و دەوڵەت:**

قسەکردن و بەرهەمهێنانی هەر گوتارێك لەبارەی دەوڵەتەوە، هەم بەرهەمهێنەری کولتوورێکی تایبەتی سیاسیە لەسەر ئاستی تیۆری و خوێندنەوە بۆ واقیع، هەم لە کولتوور و خوێندنەوەیەکی تایبەتیشەوە بۆ ئەو واقیعە سەر هەڵدەدات. کولتووری قسەکردن لەسەر دەوڵەت، بۆخۆی ئاشکراکەری ئەو کولتوورەیە کە لێوەی تەماشای دەوڵەت دەکرێت. کولتوور لێرەدا فیلتەر و چاویلکە و ڕوانگەیەکە کەسەکان لێوەی بیر دەکەنەوە و تەماشا دەکەن و دەڕوانن. بەم مانایەش بێت، کولتوور هەڵگری کۆی ئەو کۆدانەیە کە مرۆڤ بە هۆیانەوە جیهانبینی خۆی دەخاتە ڕوو. کۆدەکانی کولتووری ئاخاوتن لەسەر دەوڵەت، لە خۆیاندا کلیلی تێگەیشتنی کەسەکان دەداتە دەست و تێگەیشتن لەو کۆدە کولتوورییانە پێشمەرجی تێگەیشتنە لە کۆدە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی گوتاری سیاسی لەبارەی دەوڵەتەوە.

کولتووری لێوەڕوانینە دەوڵەت هەڵگری ئەو بەها و پێوەرانەشە کە کەسەکان بەهۆی ئەو کولتوورەوە هەڵگریانن، بۆیە لە هەموو ڕوانینێکدا بۆ دەوڵەت، نەك هەر تەنیا ئاستە ئایدیۆلۆژی و کولتوورییەکە دەبینرێتەوە، بەڵکو ڕەهەندی دەروونی و ناخەکیی کەسەکانیش و ئەوەش کە بۆچی وا دەڕوانن، کە دەڕوانن، دەبینرێتەوە. هەموو ئەمەش پێماندەڵێت بە هەندگرتنی کولتوور لە پرۆسەی سیاسی و تێگەیشتن لە دیاردە جێ ناکۆکەکان و بەڵگە و دژە

بەڵگـەی لایەنـەکان، گرنگیـی تایبـەتی خـۆی هەیـە و گـەلێك گرێـی نەبینراو، نا ئاشکرا و نەگوتراومان بۆ دەکاتەوە.

هەرچەندە لە کولتووری قسەکردن لەسەر دەوڵەت، یان لە گوتاری دەوڵەتسازیی باو لە هەرێمی کوردستاندا، نە (کولتوور) و نە (دەوڵەت) هیچیان پێناسە نەکراون. لە بەکارهێنانی مندا بۆ هەر یەکە لەم وشانە پێویـستە ئـەوە ڕوون بێـت، کـە مانـای دەوڵـەت دامەزراوەیـەکی نیشتیمانی دەگرێتەوە لە ئاستی سیادیدا گوزارش لە شکۆی نەتەوەیی دەکات لە سـەر هەرسـێ ئاسـتی تیـۆریی و کردەیـی و ڕەمزییەکەیدا. ئەمەش بـەمانای ئەوەیـە کـە دەوڵـەت کێـشەکانی نێـوان تاکەکـەس و کۆمەڵ بەلاوە دەنێت و زەمینەی گەشەی تاکەکەسی دەڕەخسێنێت.

بـــەڵام وشـــەی کولتـــوور وەك پێـــشخانێکی ڕۆشـــنبیریی و سەرچاوەیەکی دانایی بەکار دەهێـنم کـە مرۆڤـەکان لێـوەی هـاتوون و بەهۆیـەوە گـوزارش لـە مانـاداریی ژیـانی خۆیـان دەکـەن و لێـوەی بەهاکانیان بۆ ژیان و شتەکانیان قەبووڵ و ڕەتدەکەنەوە..

بەکارهێنانەوەی ئەم دوو وشەیە لە ئەدەبیاتی سیاسی حزبەکاندا بەبێ پێناسەی ورد، تەنیا وەك دوو زاراوە دەیانهێڵنەوە.سەبارەت بـە دەوڵەت، لەو کاتـەوە کـە باسـی دامـەزراوەی دەوڵـەت دەکرێـت، ئـەم گوتـارە گـۆڕانی زۆری بەسـەردا هـاتووە، هـەر وەکـچۆن لـە چـۆنێتی باسکردنی (ئەحمەدی خانی١٦٥١-١٧٠٧)یەوە تا چـۆنێتی باسـکردنی (حاجی قادری کۆیی١٨١٥-١٨٩٧) بۆ هەمان چەمك و دیاردە، گۆڕانی

بەرچاوی سەردا هـاتووە. ئەمـەش لەبـەر ڕۆشـنایی و کاریگـەریی هـەر یەکـە لـەو کولتـوورەی لـە سـەردەمی هـەر کامێکیانـدا بەشـێوەیەکی تایبەت ڕێگـەیان بـە خـانی و حـاجی داوە چـۆن لـەبارەی دەوڵەتـەوە بدوێن.

بـۆ ئەحمـەدی خـانی ئـەم باسـە دەچـێتە چوارچـێوەی گلـەیی و نـاڕەزایی مرۆڤێکـی دینـدارەوە کـە خانییـە، لـە چـەرخی دەوران و قەدەری کوردان و ئەوەی کە بۆچی ئـەوانیش وەك میللـەتانی دیکـەی دراوسێ خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نەبن. بەمجۆرەش ڕوانگەی ئایینی لە گوتاری نەتەوەخوازیی خانیـدا بـاڵا دەسـتە. بـەڵام بـۆ حـاجی قـادری کۆیی ئـەم گللەییـە دەبێتـە ڕەخنـەی ئـەو لـە کوردبـوون خـۆی و بـێ ئیرادەییان لە یەك بوون و خۆچەکدارکردنیان بە شیر و قەڵەم. خانی لە ئاستی سکاڵادا لە ئاست هۆکارە دەرەکییەکاندا دەمێنێتەوە و حـاجی ئـەم سـکاڵایە دەکاتـە ڕەخنـە لـە کـورد خـۆی و دەیکانـە هۆکـارێکی ناوەکیی بێهێزیـی و لاوازیـی کـورد خـۆی لـە دروسـتکردنی دەوڵەتـدا. ئەحمەدی خانی لە چێوەی شوناسی ئیسلامباوەڕییدا باس لە شوناسی نەتەوەیی دەکات و پاکژیی و مەزڵوومییـەتێك بـە کـورد دەبەخـشێت، بەڵام حاجی قادر لە چوارچێوەی پرۆسـەیەکی زەرووردا بـۆ چـێکردنی شوناسـی کـوردیی لـەم بابەتـە دەدوێـت، دوای ئـەوەی کـورد خـۆی دەخاتە بەر نەشتەری ڕەخنەکاری توند. ئەمـەش بـە لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کە چەمکی دەوڵەت بۆ هەریەکەیان چیی دەگەیەنێت. خـانی و

حاجی لە دوو زەمینەی کولتـووریی جیـاوازەوە قـسە لەسـەر هـەمان شت دەکەن، بەڵام بە کۆدی کولتـووریی جیـاواز. ئامانجەکـە هەمانـە، بەڵام گوتارەکـە گـۆڕاوە. ئەمـەش ئـەوەمان پێـدەڵێت کـە کولتـوور چ ڕوانگەیەکمان دەداتـێ بـۆ قـسەکردنێکی تایبـەت لەسـەر دیاردەیـەك. کاتێك زەمینە کولتوورییـەکان دەگـۆڕێن، ئەمـە لـە گوتاریـشدا ڕەنـگ دەداتەوە.

## گوتاری دژ و لایەنگیریی دەوڵەت لە ئێستادا:

ئەم گوتارە لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا، تەواو گۆڕاوە. یەکێك لەو گۆڕانە بەرچاوانە ڕاشکاوبوونی لایەنگران و دژەلایەنگرانی دەوڵەتە لــە ئێــستای بــارودۆخی هەرێمــدا. خۆســاخکردنەوەی لایــەنگران و دژەلایــەنگران بۆخــۆی مەســەلەیەکی کولتوورییــە. لــە پــشت ئــەم خۆساخکردنەوەیەوە کولتوورێکی تایبـەت کـاری خـۆی دەکـات و ئـەو ڕوانگانـە بـۆ دەوڵـەت بەرهەمـدەهێنێت کـە لایـەنگیریی لـە بیرۆکەکـە دەکەن، یان لە دژی دەوەستنەوە. ئەوەی لە ئێستادا بە تەواوی ڕێگرە لە دروسـتبوونی دەوڵـەت نـە هۆکـاری دەرەکیـی و چـەرخی دەوران و بێوەفایی زەمانەیە بە تەنیا، وەك ئەوەی لەلای خانی دەبینرێتەوە، نە بەتەنیاش هۆکارە ناوەکییەکانی هێز و کۆمەڵگای کوردی و (بێغیرەتی کـوردان)ــە بـۆ ئـەم کـارە، وەکئـەوەی لـە گوتـاری حـاجی قـادردا دەبینرێتەوە.

له ئێستادا کورد بۆخۆی ئاشکراکەر و ڕۆڵ گێڕی هەردوو هێزە دەرەکی و ناوەکییەکەن سەبارەت بەم کێشەیە، ئەمەش گوتارەکەی قەیراناوی کردووە.

بەم مانایەش هەرچەندە ئەم بە ئاشکرا لایەنگیری و دژبوونە ڕێژەی ململانێکانی بردۆتە سەرێ، بەڵام باشیی خۆیشی هەیە. باشییەکەی ئەوەیە کە لایەنگرانی پرۆژەی دەوڵەت ئێستا باشتر دەتوانن بڕیار بدەن چۆن کار لەوبارەیەوە بکەن، کێ دژە و بۆچی و ئەمەش ئەرکی ئەوان دەستنیشان دەکات سەبارەت بە چۆنێتی کارکردنی لەمەودوایان بۆ پرۆژەکە. هەروەها دژەلایەنگرانیش لە ئێستادا ڕاشکاوتر بەڵگەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو، کە خاڵییش نیە لە دژوازیی و ناکۆکی. ئەوان ناڵێن ئێمە بە ڕەهایی دژی ئەوەین قەوارەی دەوڵەت بۆ کورد هەبێت، بەڵام دەڵێن لە ئێستادا کورد بۆ ئەمە ئامادە نیە و ڕاگەیاندنی دەوڵەت ژمارەی نەیارەکان زیاد دەکات و ئەم فۆڕمی حکومدارییەش بە هۆی ئەو کێشانەی هەیەتی، بنەمایەکی ئەوتۆمان ناداتێ بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە.

لەم بۆچوونەدا هەم ڕاستییەك هەیە و هەم کێشە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەم فۆرمی حوکمدارییە لە ناوەوەی خۆیدا و لە ڕووی فیکرییەوە، ئامادە نیە بەم جۆرەی ئێستا کە هەیە، ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. پرۆژەی دەوڵەت پێش ئەوەی پرۆژەیەکی کردەکیی سیاسیانە بێت، پرۆژەیەکی هزری و مەعریفییە کە ئەم ڕەهەندەش لە سیاسەتی

حکومەتدا نیە، یان زۆر لاوازە. مەفهوومسازیی دەوڵەت و بەستنەوەی بە شوناس و شکۆی نەتەوەییەوە و دابەزاندنی ئەم بیرۆکە و هزرە لە ئاستی تیۆرییەوە بۆ هەستێکی هاوبەش لەناو خەڵکدا، کاری زۆر زیاتری دەوێت لەوەی لە درووشمە سیاسیەکاندا خۆی دەردەخات و دەبێتە هۆی پارچەپارچەکردنی هاووڵاتیان لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە.

کێشەی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە دەوڵەت هەر لەم بۆتەیەدا دەبینێت کە لە ئێستای حکومڕانیی هەرێمدا بەرجەستەبووە و ئەمەش کێشەی خۆی هەیە. حوکمڕانیی ئێمە لە ڕابردوودا بەوجۆرە سەرکەوتوو نەبووە تا دڵنیایی لەمەوپاشی حکومڕانییەکی باشمان بداتێ. هەروەها ناشتوانێت گەرەنتی ئەوەمان بداتێ کە فۆرمی حکومڕانیی دەوڵەت وەك ئەمەی ئێستا و بە هەمان ڕووخسارەوە نامێنێتەوە. ئەوەی لەم بۆچوونەدا ناخرێتە ڕوو، یان ئەو کولتوورەی ئەم بۆچوونەی بەرهەمهێناوە دەیشارێتەوە، ئەوەیە: کە دەوڵەت قەوارەیەکی نێودەوڵەتیتر و جیهانیتر و فراوانترە وەك لە قەوارەی دەسەڵاتێکی هەرێمی کە پابەندە بە یاسا و دەستوور و ئیتیفاقاتەکانی لەگەڵ مەرکەز. دەوڵەت سیادە و شکۆیەکی نەتەوەیی گەورەتر و شەرعییەتێکی نێونەتەوەیی تر و متمانەیەکی جیهانیتری هەیە. بە زمانێکی هێگڵیانە، دەوڵەت پێویستیەکی ناوەکی و دەروونیی مرۆڤی کوردە لە هەوڵدانیدا بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی بەدەر لەوەی لە جیهانی دەرەکیدا شێوەی ئەم دەوڵەتە و ڕێگرەکانی چین..

لێرە قسە لەسەر دوو شوناس و دوو فۆرمی حکومڕانییە، کە یەکێکیان پابەندە بە مەرکەزەوە و ئەویتریان پابەندە بە ئیرادەی نەتەوەکان و دەوڵەتانەوە. بۆیە ناکرێت بەشێوەیەکی ڕەها ئەم نمونە ڕەخنەلەسەرەی حکومڕانیی خۆجێی بکرێتە پێوەر بۆ ڕەتکردنەوەی دەوڵەت و ڕێگری دروستکردن بۆی. بە مانایەکی دیکە، کۆد و کولتووری خۆماڵیی بەس نیە بۆ ڕوانینە قەوارەیەك کە پێویستە بە کۆد و کولتووری جیهانی و نێودەوڵەتی و لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە تەماشای بکرێت.

لەلایەکی دیکەیشەوە، کێشەی لایەنگرانی دەوڵەت و دەوڵەتخوازان ئەوەیە کە بڕوایان وایە ئەم پرۆژەیە شتێکی یاساییە و ڕێگەپێدراوە هەر نەتەوەیەك سوودی لێوەربگرێت. کێشەی گەورەی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە دەوڵەت دەبەستێتەوە بە یاساوە، لە کاتێکدا ئەمە حەق و مافێکە نەك تەنیا ڕێگەپێدراوێکی یاسایی. جیاوازیی ئەم دوو چەمکەش زۆرە. یاسا بەرەنجامی بیرکردنەوەی مرۆڤە لەوەی پێویستی بە چییە و چیی بە مافی خۆی دەزانێت و دەبێت وەریگرێت، یان بیستێنێت. یاسا شیاوی گۆڕانە بەپێی هەلومەرجەکانی وەخت. بەڵام دەوڵەت پارێزەریی شکۆمەندیی هەمیشەیی نەتەوەیە.

کولتووری پەنابردن بۆ یاسا، بەرەنجامی هووشیارییە بە چۆنێتی دەستەبەرکردنی ئەو مافانەی دەبێت بە ڕێگەی فۆرمەکانی خەباتکردن

لە پێناویدا، وەریانگرین. پێ بەپێی بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و پێویستییەکانی ژیانی مادیی و دامەزراوەکان، هووشیاریی مرۆڤیش لە ئاست مافەکانیدا زیاتر دەبێت و دەیەوێت لە ڕێگەی یاساییەوە بەدەستیان بهێنێت.

بەڵام حەق بابەتێکی ئۆنتۆلۆژیانەیە. ئۆنتۆلۆژیا لقێکی فەلسەفەیە و وشەیەکی یۆنانیە بە مانای توێژینەوەیەکی تایبەت و وەسفێکی ڕووتی فۆرمەکانی بوون و شێوازی بوونی هەبووە. هەر شتێك هەبێت، لەو شێوەی بوونەی خۆیدا شیاوی تێگەیشتنە بۆیە دەبێت لە بوونی هەر شتێك وەکئەوەی کە هەیە بکۆڵدرێتەوە. بوونی کورد جیاوازە لە بوونی میللەتێکی دی، ئەم جیاوازییە دەستنیشانی شێوازی بوونی ئەم دەکات و ئەمەش وا دەخوازێت سەربەخۆ لێیبکۆڵدرێتەوە تا شێوازی بوونەکەی وەك خۆی دەرکەوێت، نەك لە پەیوەندیی بە بوونی ئەوانیترەوە. مادام کورد بوونی خۆی دەژی ئەوە بوونی ئەو بەو جۆرەی کە هەیە شیاوی توێژینەوەیە بۆ ئەوەی شوناسی جەوهەریی ئەو لەسەر ئاستی جیاوازیی بناسین نەك لەسەر ئاستی جیاکردنەوە. شکۆی کوردبوون بەبەراوورد بە کەمکردنەوە لە شکۆی ئەوانیتر دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو لە خۆیدا وەکئەوەی کە هەیە. بۆیە توێژینەوە لە بوونی کورد دەبێت دەرفەتی ئەوەمان بداتێ دەستنیشانی شکۆی کوردبوونی بکەین. مادام کورد نەیتوانیوە بەشێوەیەکی دی هەبێت لەوەی کە هەیە، کەواتە دەبێت وەك ئەوەی

کە هەیە لێیبکۆڵینەوە. بەمجۆرەش حەق بەشێکە لە بوونی بوونـەوەر وەکئـەوەی کـە هەیـە و شـتێکی پێـشینەییە، وەك حـەقی ژیـان و پاراستنی کەرامەتی، ئاواش مرۆڤبوونەکەی حەققی ئەوەی دەداتێ بـە شێوەیەکی سیادیانە، حوکمڕانیی خۆی بکات.

لـەلای فەیلەسـووفێکی وەك هیگـڵ، لـە کتێبـە گەورەکەیـدا (فەلـسەفەی حـەق: ١٨٢٠)، حـەق پەیوەسـتە بـە (بـوونی ئـیرادەی ئازاد)ـەوە، کە ئەم ئازادییەش هـیچ نیـە لـەوە زیـاتر کـە ڕەوەنـدێکی بەردەوامە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم حەققە. لێرەوە، بەپێی لێکدانـەوە تەقلیدییەکە بۆ هیگـڵ، دەوڵـەت دوو مانـای سـەرەکیی هەیـە. یەکـەم ئەوەی کە بریتە لە پۆلیس (شار) و دووەمیش بریتیە لە دامەزراوەیەك لە بەرامبەر لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا وەك خێـزان و ژیـانی مـەدەنی بەبێ ئەوەی ئەم دوو تێگەیشتنە لە یەکتر دابـڕاو بـن. بـەم مانایـەش، دەوڵەت پارێزەر و بە دەستهێنەری ئەو یاسایانەیە کە حەق دەپارێزن.

**لە تێڕوانینێکی مۆدێرنتردا، ئەوە دەخرێتە ڕوو کە هیگڵ بە سێ مانا بیر لە دەوڵەت دەکاتەوە، کە ئەمانەن:**

**یەکەم**: دەوڵەتی دەرەکی بەمانای دەوڵەت لە کۆمەڵگای مەدەنیدا.

**دووەم**: دەوڵەتی سیاسی و

**سێیەم**: دەوڵەتی ئەخلاقی.

له مانای یەکەمدا دەوڵەت بریتیە لە کۆمەڵە یاسایەك لە سەرووی بگرەوبەردەی و هەڵڵای بازاڕەوە. لەم مانایەدا، تاکەکەس، کە خاوەنی کۆمەڵێك حەقی وەك ئازادی و مافە، لەگەڵ دەوڵەت بەریەك دەکەوێت کە خاوەنی کۆمەڵە یاسایەکی دەرەکییە. بۆیە دەبێت دەوڵەت توانایی ئەوەی هەبێت سۆبژەکتیڤیتەی تاکەکەس بگەیەنێتە بەرزترین ئاستی خۆدەربڕین و بەرجەستەبوون.. لە مانای دووەمدا هیگڵ باس لە دەوڵەتی سیاسی دەکات و بەپێی دامەزراوەکانی حکومەت قسە لەسەر دەوڵەت دەکات و بەشێوەیەکی تەقلیدی بۆ مەسەلەی دەوڵەت دەچێت کە پابەندە بە هێز و شێوازە تەقلیدیەکانی حکومدارییەوە.

له مانای سێیەمیدا بۆ دەوڵەت، کە باس لە دەوڵەتی ئەخلاقی دەکات، جیای دەکاتەوە لە دەوڵەتی سیاسی. لەم فۆرمەی دەوڵەتدایە کە هاووڵاتیان هێدی هێدی پەی بە مانای ئەخلاقیانە لە بونیادی دامەزراوەیی دەوڵەت دەبەن. هیگڵ لەو بڕوایەدا بوو کە ئێمە لە ناو دەوڵەتدایە کە بە لوتکەی گەشەی مرۆیی و مێژوویی خۆمان دەگەین. لێرەوە، دەوڵەت نە بەتەنیا کۆمەڵە یاسایەکی سەربەخۆ و جیاوازە لە خواست و حەزەکانی هاووڵاتیان و نە دامەزراوەیەکی سیاسی ئاشکرایە بۆ لایەنگیریی لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان. بەڵکو دامەزراوەیەکی ئەخلاقییە کە بەهۆی یاسا و بونیادە سیاسییەکانی خۆیەوە پارێزگاریی لە خواستی هاووڵاتیان دەکات. بەم پێیەش لە نێوان ویستی کەسەکان و ئیرادەی باسکراو لە یاساکاندا هیچ جۆرە پچڕان و

دابڕانێك نیە و ناشبێت هەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەت بریتیە لە ئاستێکی ئەوتۆی ئیدارەکردن کە تیایدا ناکۆکیی و دژایەتی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵ نەمێنێت.

بەم مانایەش بێت، حەق بریتیە لەو ئیمتیازاتانەی کە مرۆڤ وەك خۆی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا هەیەتی. بەڵام لە هەمان کاتیشدا حەق نەك هەر تەنیا مافی یاسایی کەسەکانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، ئاواش مافێکی سرووشتیانەی مرۆڤە پێش ئەوەی یاسا پارێزگاریی لێبکات. لێرەوە، حەق بریتیە لە کۆمەڵە بنەمایەك و ڕێسایەکی پێشینەیی، کە ڕێکخەری پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە لەسەر بنەمای شکۆداریی و سیادەی نەتەوەییانەوە. بەدەر لەوەی یاسادانەران ئەم مافانە دەستنیشان بکەن، مرۆڤ بەشێوەیەکی سرووشتی و (پێش یاسایی) لە ڕووی مەعنەوییەوە خاوەنیانە. بەم مانایەش بێت حەق، بنەمایەك و ڕێسایەکە تەئمینی یاسایی مافی کەسەکان لە کۆمەڵگادا دەکات و دەوڵەت ئەرکی پاراستن و دەستەبەرکردنیانی هەیە. بەمجۆرەش "بۆ هیگڵ، دەوڵەت مانایەکی دەروونی و مانایەکی دەرەکی هەیە. مرۆڤ بەپێی چارەنووسی خۆی لە دەروونی دەوڵەتدا گەشە دەکات. ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی دەوڵەت لە خۆیدا هێزێکی پێویستە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە دەروونی مرۆڤەکاندا وەك بوونەوەری ئەقڵانی، دەوڵەت فۆرمێکی جێگیرە و بەشێکە لە سرووشتی مرۆیی کە لە پێویستی ئەوەوە بە ڕێکخستن و سەربەخۆیی و ئازادیی هەڵدەقوڵێت".

دژایەتیکردنی پرۆژەی ئەگەری دەوڵەتداربوونی کورد، لە سایەی دژایەتیکردنی ئەو کاراکتەر(انەدا) کە نوێنەرایەتی ئەم داوایە بۆ جیاوازیی نەتەوەیی ئێمە لە ئەوانیتر دەکەن و هێنانەوەی کۆی ئەو بەڵگانەی کە کۆسپ دەخەنە بەردەم ئەم پرۆژەیە، لە مشەخۆرییەك بەسەر کوردبوون و لە خۆگەوجاندنێکی کەڵەکەبووی مێژووییەوە هاتووە، کە دوژمنان ئێمەیان پێ پەروەردە کردووە. کولتووری ئەم دژایەتیە کولتوورێکی سەپێنراوە کە لە میانەی تێپەڕینی مێژوودا لەلایەن کورد خۆیەوە بە دەروونیکراوە و بۆتە میکانیزمێکی بەرگریی لە ئاست حەقێکی ئۆنتۆلۆژیی خۆیدا. ئەم دژایەتیە تەنیا دەتوانێت دژایەتییەکی سیاسیی بێت و لە ڕوانگەیەکی کولتووریی سەردەستەییەوە دێت کە لە زەیینییەتی ژێر دەستەدا پەروەردەی کردووە بۆ مانەوەی لە دۆخی ملکەچیدا، بەڵام سوکایەتیەك بە ماف و حەقی مرۆڤی کورد بەرهەمدەهێنێت لە ئاست سەربەخۆیی و بوونە خۆیدا و هەمان ڕۆڵی شاراوەی ئەو هێزانە دەبینێت کە نەتەوە بچووك دەکەنەوە لە چەندین شوناسدا بەبێ ئەوەی ئامادەبن شوناسی ڕاستەقینەی خۆی لەسەر بنەمای جیاوازییەوە لە نەتەوەکانیتر پێ ببەخشن.

ماوەیەکە بە دیارچاوی هەموومانەوە بێڕێزییەکی بێ هاوتاو بێنموونە بە بوونی کوردیانەمان و بە مافی سرووشتی و مەدەنیمان لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاواتی نەتەوەییمان، دەکرێت و ئەمەش لە

جۆرەها بەڵگەو پاساوهێنانەوەی جۆربەجۆرەوە دەپێچرێت و رای گشتیی و بەتایبەتیش نەوەی نوێ، کە زەخیرەی داهاتووی نەتەوەییمانە، پێدەترسێنرێت، تاکو دەست لە دەروەستییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی هەڵبگرێت..

لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەم بێڕێزییە زۆرن، هەر لە دوژمن و نەیارانەوە، تا بەدحاڵییانی ناوخۆیی و هەندێك لە ڕۆشنبیران.

من دەمەوێت وەك نووسەرێك بۆ مێژوو لەمبارەیەوە، کە هەر لە ساڵی ۲۰۰۳وە و لە بڵاوکردنەوەی کتێبی (قەفەسی ئاسنین: یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟) وە هەڵوێستی هزریی خۆمم هەبووە، سەبارەت بەم پرسە، بیروڕای ڕاشکاوی خۆم بۆ نەوەی ئێستاو دواڕۆژ دەربڕم و لەو ترسە سایکۆلۆژییە ببپەڕمەوە، کە پشتیوانانی تەرویجگەرا و ڕەخنەگرانی نەیاری پرۆژەی دەوڵەتی کوردی، دروستیان کردووە.

من وەك هاووڵاتییەك لەم وڵاتەدا دەژیم و بەم زمانە قسان دەکەم و دەنووسم و بیر دەکەمەوە، کە بە هی خۆمی دەزانم. من کوردم، هەرچەندە بۆ من کوردبوون جەوهەرێکی بێکەم و کوڕپی نییە، بەڵام نیگای منە بۆ تەماشاکردنی بوونی مرۆیانەی خۆم و ناتوانم وەك ئایین و بڕوا و کولتوور، دەست لە کوردبوونی خۆم هەڵگرم، بەڵام پەیوەندیی من بەم کوردبوونە ناچاریی و بە ڕێکەوتەمەوە، پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانەیە و چاوپۆشی لە هەڵەو کەموکوڕیی و پێشێلکارییگەلێك کە لەم وڵاتەدا و بەناوی کوردبوونەوە، دەکرێن، ناکەم. کە دەڵێم من

بە ناچاری کوردم، بە مانای ئەوەیە ناتوانم شتێکی تر بم لەوەی کە هەم. من بەبێ خواستی خۆم کوردم، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر لە ژیانم لە ناو وڵاتیی تر و کولتووریی دیکەدا ژیاوم و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی مەودایەکی کولتووریی لە نێوان من و کولتووری باوی وڵاتەکەمدا دروست ببێت و ئەمەش هەلی ئەوەی داومەتێ کە بەشێوەیەکی خۆجیاودێرانە، یان ڕیفلێکسیڤ، بڕوانمەوە خۆم و کوردبوون و کولتوورەکەم و تواناو ویستی ڕەخنەکاریم هەبێت. بەم مانایەش کوردبوون بۆ من پیرۆز نییە، بەڵکو دەفرێکە بۆ ئەوەی من لە میانەیدا و بەهۆیەوە و لە پێناویدا خۆم دروستبکەم و شوناسی خۆم بخەملێنم، بۆ ئەوەی توانای ناسینەوەی خۆمم هەبێت، کاتێ لە ئەوانیتر جیاوازم کە ئینتیمایان بۆ کوردبوونی من، وەك من نییە. چونکە ئەگەر ئەم جیاوازییە ڕوونەدات، ئەوکاتە ئەویتربوون و کوردبوون و هەر نەتەوە و میللەتێکیتر بوون مانای نامێنێت. من وەك چۆن ئەم پێناسەیە و ئەم مافە بەخۆم ڕەوا دەبینم، ئاواش بە ئەوانیتری ڕەوا دەبینم، کە لە پێناسەکردنیاندا بۆخۆیان، کوردبوونی من جێگەی نابێتەوە. لەبەر ئەوە، جیاوازیی مەرجی بوونی منە، هەروەکچۆن مەرجی بوونی ئەوانیتریشە کە وەك من نین. بەڵام من بۆ بەرجەستەکردنیی جیاوازییەکانم، مەرجی خۆجیاکردنەوەم نییە و من بەو هووشیارییەی هەمە وەك کوردێك دەزانم کە خۆجیاکردنەوە مەترسیدارە بۆسەر بوونی خۆم، لەکاتێکدا بوونی من لە جیاوازییەکانمدایە لەگەڵ ئەوانیتر،

بەبێئــەوەی ناچــاربکرێم لەیــەك چوارچــێوە و قــەوارەی سیاســیی و سیستەمی ئیداریدا بمێنمەوە. جیاوازیی خۆجیاکردنـەوە نییـە، بـەڵکو خۆئامادەکردنە بۆ بەستنەوەی کۆی پەیوەندییـەکانم لەگـەڵ ئـەوانیتر بەبێ زۆر و ناچاری و بەکارهێنانی هەڕەشە و ترساندن و نانبڕاوکردن.

لێــرەوە ئەگــەر پــرۆژەی بیرکردنــەوە لــە دەوڵــەت بــۆ بەرجەستەکردنی جیاوازیی بێت، پرۆژەی ماف و ڕەوایەتی و حـەقێکی نکوڵیی لێنەکراوی منە. مرۆڤ تەنیا لە ناهووشیارییەوە، لە گـەوجیی و نــەزانیی و خۆبەکــەمزانیی و مــشەخۆرییەوە، لــە دەستبەســەری و ژێرچــەپۆکی و کۆیلایەتییــەوە، چاوپۆشــی لــە مــاف و رەوایــەتی و حەقــەکانی خـۆی دەکـات و ئەمــەش لـە پرۆسـەیەکی مێژووییـدا بـۆی دەبێتــە بونیــادیی ســایکۆلۆژییەکەی و وردە وردە لــە ئاســت (بوونەخۆی)دا، لـە ئاسـت جیاوازییـەکانی و لـە ئاسـت مافەکانیـدا بـێ ئیرادە دەکرێت و بێ ئیرادەیی بۆی دەبێتە قەفەسێك، کە نە دەتـوانێ خەونی تێدا ببینێ و نە دەتوانێ سرووشتی خـۆی تـەحقیق بکـات وەك مرۆڤێکی ئازاد.

ئەمە ئەو مێژووەیە کە کوردی فڕێدراوەتەوە ناوی و لـە ئـەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژەوە، شوناسگەلێکی پـەراوێزیی بـۆ نەتەوەیـەك دروسـتکراوەو بەسـەریدا سـەپاوە، کـە نـەیتوانیوە خـۆی لـە ناویـدا بدۆزێتــەوە و جیاوازییەکانیــشی ڕێگــەی هــەر جـۆرە توانەوەیــەکی هەمیشەیی لەو شوناسە سەپاوانەدا لێگرتوون. ئەمە تەنیا ڕێکـەوتێکی

مێژووییـه، کـه فـرێ بدرێیتـه مێـژووەوه و بـەڵام هـەر لـەو مێـژووەدا، فەریادڕەسـێکی وەك (جیـاوازیی)، نـەهێڵێت بکەویتـە نـاو گـەرووی توانەوەی یەکجارەکیی لە دەفرەکانی شوناسی ئەویتردا.

بۆیـە هووشـیاریی سـادەی ئێمـە و شـێوازیی خەباتگـەلێك کـە لـە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە پێیاندا تێپەڕ بووین، هەموویان ڕەنگدانەوەی ئەو ساتەوەختە هەستکردنەی ئێمەن بە جیاوازیی و ئـەو هەسـتیارییە قـــووڵ و ترســــە زۆرە بەرامبــــەر بـــە توانــــەوە لـــەناو دەفـــرە گریمانەکراوەکاندا.

لـەناو مێـژووی ئـەو خەباتـەی کـورد کردوویـەتی، ئەوەنـدەی پەیوەندیی بە کەسـەکان و ئەکتەرەکانـەوە هـەبێت، کەسـیان مرۆڤـی نمونـەیی نـەبوون. کەسـیان پێغەمبـەر و کەسـیان بـە شـێوەی ڕەهـا پووخـت و بێگــەرد نــەبوون و مرۆڤیــی مێـژوویی و ئاســایی بــوون، ئەگەرچی ئەو مێژووەی بۆ ئەوان نووسراوەتەوە، زۆرجار واقیعیبوون و سـادەیی بـوون و ئـادەمیبوونی ئـەوانمان لێدەشـارێتەوەو وێنەیـەکی پاکیزەئاسـا و بێخەوشـی مرۆڤگـەلێکمان بـۆ دەکێـشێ کـە ئـەقڵ بـە ئاسانی پەسەندیی ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسایەتی و قارەمانـە کلاسیکیانە، کە لە نێو تەمومـژی گێڕانـەوەی واقیعیانـە و وێنـاکردنی ئەفـسانەییدا، بـۆ ئێمـە بەشـاراوەیی ماونەتـەوە، جێگـەی ڕێـز و خۆشەویستیی نەوە دوای نەوە بوون، ئەمە لەکاتێکدا سووکایەتیشیان پێکــراوە و لەلایــەن ســایکۆلۆژیای سیاســیی دواتــرەوە و بـــە

کاریگەریگـەربوون بـەو وێنانـەی دوژمنـان بـۆ کـورد و خەباتەکـەیان بەرهــەمهێناوە، کەســایەتیی نەتــەوەیی و خەباتکارانــەی ئێمــەش شێوێنراوە. وێڕای ئەوەش هەرکامێکیان دەگریت، لـەڕووی کولتـوور و ئەتەکیەتی تایبەت و ئاستی دانایی و شارەزایی و غەریزییەوە، مرۆڤـی ئاسایی بوون و شتی هەڵە و خراپ و ناپەسندیشیان هەبووە و لەلایـەن هاوسەردەم و هاوکاتەکانی خۆیانەوە ڕووبەڕووی رەخنەش بوونەتەوە، ئەگەرچـی بەدەگمـەن مێـژوو ڕەخنـەکانی بـۆ گواسـتوینەتەوە. ئەمـە وێـڕای کـەمتوانایی و سـنووورداریی مەعریفـەی ڕەخنـەیی لـە ناسـینی کەسەکاندا، هۆکـاری ئـەو سـوکایەتیانەی پێیـانکراوە، یـان ئـەو وێنـە شێواوانە بوون کە بە چاك و خـراپ بۆیـان دروسـتکراوە، یـان جـەهلی زەمانـە، یـاخود ڕقـی تایبـەت و سـیفاتەکانی خۆیـان. بـەڵام هۆکـاری ڕێزلێگرتنەکەیان ئەو قەناعەتە گشتییە بووە کە ئەمانە لە چوارچێوەی جیاوازیــدا داوای مـــافی نەتـــەوەیی خۆیـــان کـــردووە، ئەگەرچـــی سەرکەوتووش نەبوون و زۆربەی هەرەزۆریان شکستیان هێناوە..

بەمجۆرەش ئێمە بۆ چەسپاندنی جیـاوازیی خۆمـان و داواکردنـی ئـەو مافـە ڕەوایـە، پێویـستیمان بـە (مەهـدیی چـاوەڕوانکراو) نییـە و مێژووش نمونەیەکی وەهـای نەخـستوینەتە پێشـچاو و زەیینـەوە، کـە جیــاوازییخوازان پاکــژکاران و بێگوناهــەکانن. ڕەتکردنــەوەی مــافی جیاوازیی و هەوڵدان بۆ کۆسپ خستنە ڕێی بەدەستهێنانی ئـەو حەقـە بەهەر بەڵگەیەك، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی، یان لایەنانـەی داوای ئـەم

حەقـە دەکـەن و لـە داواکارییەکەیانـدا بەرژەوەنـدیی تایبـەتی خۆیـان هەیە، جگە لەوەی سایکۆلۆژیایەکی دوژمنکارانـە، (گـورگ لـە پێـستی مـەڕ)انـەی لەپـشتەوەیە، ئـاواش جیانەکردنـەوەی کێـشە، یاسـایی و ڕەوایــەتیی پرســە حەقەکەیــە لــە ڕووخــساری ئــەو کەســانەی لــە ساتەوەختێکی مێژوویدا، بوونەتە نیشانە و هۆکـاری ئـەم داوایـە، یـان بانگەشەیە، لەبەر ئـەوەی کارەکـەیان وەهـا لێکدەدرێتـەوە کـە تـەنیا لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیـان و ئایـدیۆلۆژیای خۆیـان ئـەو کـارە دەکەن.

ئەم بەدگومانیکردنە، تەنیا بەشێکی ڕاستە، چونکە قـسە لەسـەر مرۆڤ و سروشتیی مرۆیی دەکات. قسە لەسەر مرۆڤی مێژوویی دەکـات نەك فریشتەی ئاسمانی. بەڵام ئـەم بەدگومانکارییـە نیـشانەی ئەوەیـە لەناو ئێمەدا خودێکی ناتــەواو، خــودێکی دژبــەخۆی، خــودێکی ناکامـڵ هەیە کە نوێنەرایەتی ئەو ستەم و زۆر و سـوکایەتیانە دەکـات، کـە لـە مێـژوودا و لەبـەر جیاوازبوونەکـەمان و ئـەو بەرگرییـەی کردومانـە بـۆ نەتوانـەوە لـەناو شوناسـە سـەپێنراوەکانی ئـەوانیتردا، ڕووبـەڕوومان بوونەتەوە. خودی ناتەواو، خودێکی بەدگومان و خودێکە بەدگومانیی وەك گومــان دەخاتــە ڕوو بــۆ ئــەوەی ســیمایەکی ئــەقڵانیی بــەو نوێنەرایەتیکردنــەی چەوســانەوە بــدات، کــە ئامــانجی شــکاندن و متمانەســەندنەوەیە لــە ڕۆحیــی نەتــەوەیی ئێمــە. ئەمــە ئــەو خــودە ناتەواوەی بەرهەمهاتووی سیاسەت و ڕقی دوژمنـانی کـوردە کـە نـەك

چـەتەیی و سـتەمی خۆیـان لـە ڕێگەیـەوە شـاردۆتەوە، بـەڵکو نیگـای کوردیـشیان بـۆ خـودێتی تـەواوی خـۆی شـێواندووە و وایـان کـردووە کـوردیش لـە نیگایـدا بـۆ کوردبـوونی خـۆی هـەمان ئـەو میکانیزمـە کولتـووریی و سیاسـییانە کـە ئـەویتری نـەیار لێیانـەوە دەڕوانێـتە کوردبوون، لە دژی خۆی بەکار بهێنێتەوە.

لە ئێستادا ژمارەی ئەمانـە لـە کۆمـەڵگادا کـە (نائەقلانییـەت) لـە داڕشـــتنێکی ئەقڵانیانـــە و (ســـایکۆلۆژیا)، وەك بیرکردنـــەوە و (پەرچـەکردار) وەك شـرۆڤە و کـردار و (ڕق) وەك ڕەخنـە نومـایش دەکەن، کەم نین. ئەمانە نوێنەرایەتیی چەوساندنەوەیەکی میراتیانەی ستەمکاران و زەبرێکی ڕۆحیی بۆسەر مافی جیاوازیبوون دەکـەن و لـە ڕێگەیەوە دەیانەوێ پرۆسەی خۆبەکۆیلەکردن لە مێژوویی نەتەوەیی و مرۆیی ئێمەدا درێژە پێبدەن و بیچەسپێنن..

مادام لە مێژوودا ئەوانەی داوای مافـە نەتەوەییـەکان و جیـاوازیی نەتەوەییان کردووە، هیچیان بێگەرد و نمونەیی نەبوون، لە ئێـستاشدا دژایەتیکردنیی پرۆسەی بوون بە دەوڵەت بـە چـاوەڕوانیکردنی هـاتنی ئەو کەس و هەلومەرجە پاکژانـەوە ، جگـە لـە درێـژەدان بـە پرۆسـەی بەتاڵکردنەوەی خودیی کوردی لە هەرجۆرە هووشیارییەك بەرامبەر بە جیاوازییەکانی، جگە لە ئەنفالکردنێکی مەعنـەوی و جگـە لـە دژایـەتی حەقیی کوردبوون، هیچیتر نییە.

## ئەنجـــام:

لـە هــەموو ئــەم دۆخانــەدا زاڵــێتی کولتــووری پەکخــستن، بــێ ئیرادەکردن و ترساندنی کورد دەبینرێتــەوە. ئامـانجی ئـەم کولتـوورە هێـــشتنەوەی کـــوردە لـــە ژێـــر ســـایەی ئـــەوانیتر و درێژەدانـــە بـــە وێناکردنەکانەی بەرهەمی بیرکردنەوەی داگیرکەران لە کورد، نەك کورد خـۆی. ئـەو وێنـاکردن و شوناسبەخـشینە بـە کـورد لـە پرۆسـەیەکی مێژووییـدا بەرهــەمهاتووە و بەرهەمهێنراوەتــەوە و ترسـی ئـایینیی و شـکاندنی پیرۆزییـەکان بەشـێکی پێکهێنـەرین. ئـەوە چـاڵ و کەنـدڕی مێژووە بۆ ئەوەی کورد هەمیشە تێیکەوێت و بەختـەوەریی خـۆی لـەو پەیوەندییە نایەکسانە دا ببینێتەوە کە لە تاریکایی ئەم کەندڕەدا بۆی دابین دەکرێت. لەبـەر ئـەوە سرووشـتی کـوردیی لـە پـێ خستنە نـاو حەرامێك دەترسێت و مانەوەی لە تاریکایی کەندڕەکەدا پێ ئاساییترە وەك لە هاتنەدەر و کەشفی ڕووناکایی ڕاستەقینە. جارێکی دیکە ئێمـە لەبەردەم مرۆڤی ئەفلاتوونیداین کـە هێـشتا لـە ئەشـکەوتەکە ڕزگـاری نەبووە و سـێبەر بـە ڕاسـتەقینە و ڕاسـتەقینە بـە درۆ دەزانێـت. ئـەم زیهنیەتە بەرهەمی کولتوورێکی سیاسیە کە لە پشت ئەو دژایەتیەوەیە بۆ دەوڵەت. لە پشت ئەو کولتوورەوە، جگە لە ترسی جیابوونەوە لەو پیرۆزایەتیـەی بـە (مەرکـەز)، دراوە، هــەوڵێکی کوشـندەش هەیـە بـۆ بێبڕواکردنی کورد بە خۆی و بەرهـەمهێنانی ئـەو کولتـوورەی کـە ئـەم بڕوابەخۆنەبوونە بەرجەستە دەکـات. ئەمـە کولتـووری بـەپیرۆزکردنی

مەرکەزییەتی ئەوانیتر و سەندنەوەی پیرۆزییە لە خودێتی وەك مەرکەز.

لەلایەکیتریشەوە، سەندنەوەی ئازادیی و ئیرادە لە کوردەکان ئامانجێکی ئەم کولتوورەیە، بەڵام شێواندنی شوناس و خودێتی کوردی ئامانجێکی دیکەیەتی کە لە ڕێگەی سەندنەوە و بێبایەخکردنی زمان و مێژووی هاوبەش و ڕەمزەکانی و بە دۆزەخکردنی نیشتیمانەکەیەوە، کە ئەمەش دنەدەری کۆچی بە لێشاو و بەرهەمهێنەری سایکۆلۆژیایەکی دژە نیشتیمانیە، خۆی بەرجەستە دەکات.

ئەم کولتووره ساردکەرەوەیە، سووککەرە، بێبایەخکەرە، لەبەرچاوخەرە، زانستیانە و پسپۆڕیانە خۆی بەیان دەکات، پەنا بۆ ئارگیۆمەنتی عەقڵانی دەبات و بە زمانی فەلسەفەی سیاسی دەدوێت. بەڵام ئەوە دەشارێتەوە کە پێشێلکاریی بە حەقێکی بوونناسیانەی پێشینەیی کوردەکان دەکات تا نەتوانن ئیرادەی ئازادی خۆیان لە فۆرمێکی یاساییدا بۆ بەرجەستەکردنی شکۆی خۆیان بخەنە کار.

هیچکام لە هۆکارە دەرەکییەکان، هێزە نەیارەکان، دوژمنان و هەروەها هۆکارە ناوەکییەکان و داڕمانی ئابووریی کۆمەڵگا، وێرانەی حوکمڕانی و گەندەڵیی بەرپرسان و قۆرخکاریی دەستەیەك بۆ سامانی وڵات و دزیی ئەم فۆرمی حوکمدارییە پاساو نین بۆ ڕەتکردنەوەی بەرجەستەبوونی ئیرادەی ئازاد. هیچ نەتەوەیەکیش لە مێژوودا نەبووە بە ڕازیکردنی گشت لایەك، بە ئامادەسازیی گشت پێکهاتەکانی دەوڵەت، بە یەکخستنی گشت بیروڕاکان بگات بە حەقی دەوڵەتسازیی

خۆی. هیچکامێك له ئیمبراتۆریەت و دەوڵەتەکانی ناو مێژوو به پرس و ڕا به دەوڵەتانی تر و ئیزن وەرگرتن لێیان و پشی پشی بۆ هێزە ناوخۆییەکان دەوڵەتیان ڕانەگەیاندووە.

ئەم مەسەلەیە پێویستی به شتێکیش له سەرووی ئیرادەوە هەیە، کە بڕێك زۆر و زەبر و بوێریی پێویستە. دیموکراتیزاویکردن، نەرمخوویی بێ سنوور، زیاد له پێویست مرۆڤدۆستانەبوون، چاوپۆشی لەوانەی خۆیان هێناوەتە پێشەوەی بانگەشەکەرانی دەوڵەت و جیابوونەوە، بەڵام گەندەڵیی و درزیی و مافیاچێتیان کردۆتە پیشە، مانەوە له چاوەڕوانیی دوژمناندا ئاخۆ چی بڵێن و هەڵوێستیان چیی بێت، مانەوە له بازنەی گفتوگۆی دووبارەوەبوو لەگەڵ هێزە نەیارە ناوخۆییەکان، گشتیان زیان له بەرجەستەبوونی ئیرادەی ئازادی میللەتێك دەگەیەنن که دەیەوێت له (قەفەسە ئاسنینە پیرۆزکراوەکە) بێتە دەرەوە.

بەبێ ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێگرانە کە خۆیان بەرجەستەکەری کولتوورێکی تایبەتن، کولتوورێکی نوێ که شوناسێکی تازە بە کورد ببەخشێت و بیخاتە ناو مێژووەوە، سەرهەڵنادات. پەیوەندیی کورد بە ئەوانیترەوە بەبێ سەربەخۆیی کورد لە ئەوانیتر ناچێتە دۆخی پەیوەندییەکی ساخلەم و یەکسانەوە. بۆ ئەوەی کورد بتوانێت پەیوەندییەکی تەندروستی لەگەڵ ئەوانیتر هەبێت، پێویستە خۆی بێت. لە مەرکەزییەتی خۆیەوە بچێتە پەیوەندیی لەگەڵ پنتەکانی دیکەی دەسەڵات و هێزەوە. ئەم بابەتە چەندە بابەتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییە، ئەوەندەش بوونناسیانە و کولتووری. بوونی مرۆیی ئێمە

لـه بـوونی ئێمـه بـه مرۆڤـی تـەواو، لـه سـەربەخۆیی و ئـازادیی خۆییبوونـەوه سـەرهەڵدەدات، نـەك لـه ملكەچـی بـۆ ئـەو پەیوەندییـه نایەكسانانەی له مێژوودا به زیانی كوردبوون و گەورەتركردنی ئەوانیتر تەواو بوون.

بـەبێ بینـینی خۆمـان وەكئـەوەی كـه هـەین، توانـای بینـینی ئـەوانیترمان نابێـت. بۆیـه مـەرجی بینـینی ئـەوانیتر بـه پێـشمەرجی خۆبینینەوەدا تێپەڕ دەبێت. ئەوەی لـەم نێوانـەدا بـەلای سـەرەكییه، خودە نەك ئەویتر. ئەویتر دەتوانێت خود درەنگ خات، قەلاچۆی كات، ئەنفالی بكات و پووچ و ڕەزیلی بكات، زمانی لێبەسەنێتەوه، سەركوتی بكـات، بـەڵام ناتوانێـت مـەیلی بوونـه خـود لـه ئێمـەدا بنـەبڕ بكـات. ئارەزووی بوون به خود، له شـوێنێكی قـووڵتری بـوونی ئێمەدایـه وەك لـەوەی لـه پانتـایی بینـراو قـەبارەیی ئێمـەدا بێـت. جەسـتەی ئێمـه هەمیشه لەبەردەمی هێرشەكانی ئەویتردا بووه و بەرەنگاریی كردووه، بەڵام مەیلی سەربەخۆیی و خواستی ئازادیی بەشێكن له ڕۆحێ ئێمه.

بۆیـه ململانێـی نێـوان دەوڵەتویـستان و دژەكـانی، پـێش هـەموو شتێك ململانێی نێوان دوو كولتووره: كولتووری ژێردەستەیی به هەموو میكانیزمەكانیەوه، له بەرامبەر كولتووری ئازادیی بـه هـەموو كێـشه و ئەو باجانەوه كه دەبێت له پێناوی ئازادیدا بدرێن.

لەسەروو هەموو ئەوانەشەوه، پرۆژەی دەوڵەتـسازیی پێـشئەوەی پرۆژەیـەكی سیاسـیی بێـت بـۆ دامەزرانـدنی دامەزراوەیـەك بـەناوی دەوڵـەت، بریتیـه لـه پرۆژەیـەك بـۆ بەرجەسـتەكردنی مەعریفیانـه و فیكریانەی شوناس و كوردبوون. پرۆژەیەك كه وزەی كۆی هاووڵاتیـان

و لەسەر بنەمای جیاوازییەوە دەڕێژێتە دەفری کوردبوونەوە تا لەوێوە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ جیهاندا بگۆڕێت: لە پەیوەندییە پەراوێزنیشینیەکەیەوە بچێتە ئاستی پەیوەندییەکی سەربەخۆ. لە ناسینی ئەوانیترەوە لە گۆشە نیگای ئەو ڕێگرانەی بۆیان دروستکردووە، ئەو کردەوە و دەستدرێژیانەی کردویانەتە سەری، بگوێزێتەوە بۆ ناسینیان وەك خۆیان لە گشتمەندیدا. ئەمەش مەیسەر نابێت ئەگەر کورد بۆخۆشی گشتمەندیی خۆی نەدۆزێتەوە. ئەوە ئاوێنەی تێنەگەیشتنێکی سەرجەمگیرە لە خود، کە ئەویتریش وەك خۆی بە نوقسانی پیشاندەداتەوە. ئەو کاتەی کوردەکان ڕێگەیان لێبگیرێت خۆیان بن، ڕێگەشیان لێگیراوە ئەوانیتر وەکخۆیان ببینن. ئەمەش بە مانای ئەوەیە کاتێك کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی و سەربەخۆیی، بۆ ئەوە نیە دەرگای پەیوەندییەکانی بەڕووی ئەوانیتردا دادەخات، بەڵکو بە مانای ئەوەیە دەچێتە قۆناغی پەیوەندیی ڕاستەقینەوە لەگەڵیاندا کە مێژوو تا ئێستا ڕێگەی نەدەدا. بۆیە سەربەخۆیی سیادیانەی کورد چەندە پارێزەری شکۆی کوردبوونە وەك ئەوەی کە هەیە، ئەوەندەش شکۆداریی ئەوانیتر بۆ کورد بەدیار دەخات. ئەمەش لە کاتێکدا کە نمونە مێژووییەکان جگە لە دڕندەیی و سەرکوتکاری و ستەمی ئەوانیتر، نەیانهێشتووە شکۆی ئەوانیتر ببینێت.

٢٠١٦

## سەرچاوەکان :


- د. عەبباس وەلی: ڕەچەڵەکناسیی کوردەکان: سازکردنی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی لە نووسینی مێژوویی کوردیدا. و. لە ئینگلیزییەوە: د. هاشم ئەحمەدزادە، ستۆکهۆڵم: ئاپێك، ٢٠٠٤.
- د. عبدالفتاح بۆتانی: بدايات الشعور القومي الكوردي في التأريخ الحديث.
- ئەحمەدیٚ خانی: مەم و زین. (ڕاڤە و شرۆڤە): پەرویز جیهانی، دهۆك: سپیریز، ٢٠٠٧.
- دیوانی حاجی قادری کۆیی: (سەعید کەرەمی)، سنە: انتشارات کردستان، ١٣٩٠(٢٠١١).
- ڕێبوار سیوەیلی: قەفەسی ئاسنین: یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟ سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج: ٢٠٠٣
- Georg Wilhelm Friedrich Hegel: Retsfilosofi. Oversat og udgivet af Claus Bratt Østergaard. 2004.
- ڕێبوار سیوەیلی: سیاسەت لە قەیراندا. کتێبی گولان ژ: (٥)، هەولێر: گۆڤاری گولان و دەزگای زەریاب، ٢٠١٣.
- Eoin Carolan: The New Separation of Powers. A Theory for the Modern State. Oxford University Press. 2009.
- Peter Kemp: Den hvileløse tanke. Filosofiske essays. Tiderne skifte, 2007.
- اندرو وینسنت: نظریەهای دولت. ترجمە: د. حسین بشیریە. تهران: نشر نی، ١٣٨١ (٢٠٠٢).
- کاپلستون، فردریك: تاریخ فلسفە جلد هفتم. مترجم، داریوش آشوري. تهران: انتشارات علمی فرهنگی، ١٣٦٧ (١٩٨٨).
- هگل، ویلهلم فردریك: عناصر فلسفەی حق. مترجم، مهبد ایرانيطلب. تهران: انتشارات پروین ١٣٧٨ (١٩٩٩).
- چارلز تیلور: هگل و جامعەی مدرن. ت: منوچهر حقیقی زاد. تهران: مرکز، ١٣٧٩ (٢٠٠٠).
- هیپولیت، ژان: مقدمە بر فلسفەي تاریخ هگل. مترجم، باقر ثرهام. تهران: آگاه، ١٣٦٥ (١٩٨٦).
- دیوید انگلیس: فرهنگ و زنگی روزمره. ت: علی رضا مرادی، تهران: انتشارات نیسا. ١٣٩١ (٢٠١٢).
- د. جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. چاپی دووەم، سلێمانی: ئەندێشە، ٢٠١٣.

# دیسکۆرسی دەوڵەت

**عوسمان عەلی وەیس**

**دەروازە**

تــاکە ئــازادییەک کە شــیاوی نــاوی ئــازادی بێــت ئەوەیە کە بتــوانین لە ڕێــگەیەوە بەدواداچــوون بــۆ ئەوە بکەیــن کە لە بەرژەوەندیمانە و، بە ڕێگەی تـایبەتی خۆمـان ئەنجامی بـدەین، مادام ئـێمە نامـانەوێ ئەوانـی تـری لێبێـبەش بکەیـن و ڕێـگە لە کۆششیان ناگرین بۆ بەدیهێنانیان[1].

ئازادی ئەوەیە مرۆڤ ئەو شتەی دەیەوێت ئەنجامی بـدات بـێ دەستێوەردانی ئەوانی تر، دەبـێ مـرۆڤ بڕیاربـدات کە دەیەوێـت چۆن بژیێت، تەنها ئەو کاتە نەبێـت کە کـارەکەی دەسـتێوەردانە لە ئازادی ئەوانی تر، بە درێژایی مێژوو، بیرکردن بـۆ ئەوە بـووە کە ئامانجی حکومەت گەشەپیدانی فەزائیلەکـان و، ژیـنـانی بـاش و، کـۆمەڵگەی باشــە، کـار بکرێـت بـۆ جـاکەی گـشتی و، وەک ئەوەی کۆمەڵگە دەیخوازێت، ئـارەزوو بەرژەوەنـدیەکانیان بـخەنە

---

[1] – جون ستوارت میل،

خزمەت بەرژەوەندی گشتی، ئامانجی قانونیش وەک لۆک دەڵێت: رەتکـردنەوەو وابەسـتەکردن نیـیە، بەڵـکو پاراسـتنی ئـازادی و فراوانکردنیەتی[1].

ماف و ئازادیەکـان و شـکۆی تـاک و کـۆمەڵ لە نـاو دەوڵەتـدا بەدیـدێن، ئەو کـات کە کـۆمەڵگە لە بـاری سروشـتی تـوانی بگوازێتەوە بۆ دۆخی مەدەنی، دەوڵەتـیش ئەو کـاتە بەدی دێت کە کۆمەڵێکی سیاسی گەیشتبێتە ئاستێک لە خۆرێکخستن[2].

لە سـەردەمی ئەرسـتۆدا کە بە چـاخی دارمـان و کـرانەوە وەسف دەکرێ، ئەرستۆ توێژنەوە و گوزارشتە سیاسیەکانی دژی ئەفلاتـون هەڵـدەچنێ، چـونکە لە رووی فەلـسەفیەوە دەیەوێ تەقالیدە دەگمەنەکانی شـار- مەدیـنە Polis بەرز رابگـرێ، کە لە گوزارشـتی "سیـستەمی دەسـتوریدا" دەیبینێـتەوە، چـونکە لەبەردەم زۆر لە هەڵکشان و داکشاندا خۆی گرت، بەتـایبەتی لە ئەسینا.

شیـشرۆن دەڵـێ"هـیچ کەسـێ لە ئەرسـتۆ (کە لە قۆنـاغی لاویـدابوو)، باشـتر بەردەوامـی بە ئەفلاتـۆن نەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا دابڕان لە نێوانیان دروستبووە.

ئەرسـتۆ لە "میتافیزیقیـا" گوزارشـتی (ئـێمە ئەفلاتونەکـانی کۆتایین) دەڵێ، لە "سیاسـەتدا" دەبێـتەوە رەخنەگرێک نەک لە

---

[1] – مبادىء لمجتمع حر، معهد كيتو، مصباح الحرية ٢٠٠٧.

[2] – د. عبدالحميد متولي، الأنمة السياسية والقانون الدستوري.

تیۆری سیاسی دۆگمایی کە لە "کۆماردا" خراوەتەڕوو، بەڵکو لەو چەمکەی تر کە لە بایەخدانە ئەزموونیەکانی بەرجەستە دەبێت کە شێوازێکی تایبەتی بە شێوەکانی حوکمڕانی دەدات، کە لە "یاسادا" هاتووە.

میحورەی ئەساسی کێبە سیاسیەکانی ئەرستۆ پاڵنانە بە ئەفلاتون و شارە میسالیەکەی kallipolis کە بۆسەر بیرکردنی رەوشت و سیاسەت پێشنیازی کردبوو.

لە رووی ئەنتۆلۆجییەوە (وجودیەوە) خەلفیەتی مەزهەبە سیاسیەکەی ئەفلاتۆنی گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵگای ریزبەندی، ئەمەش هەر لەسەرتاوە ئیمکانیەتی بوونی دیموکراسی بەو مانایەی کە برکلیس و هاوڕێیانی سەدەیەک پێشتر خستبویانە روو دوور دەخاتەوە، کە دەیانگوت:

دیموکراسیەت ئەو دەستوریە کە رێگا نادات دەسەڵاتی بڕیاردان و دادوەری و یاسادانان بەشێوەیەکی پێش وەختە بدرێتە هیچ یەکێک.

لە بەرامبەر کەسایەتی ئەفلاتونی ( ئیستسنائی) کە پێی وایە خۆی بەها رەوشتیە ونبوەکان دەگەڕێنێتەوە، ئەرستۆ شکۆ دەداتە ئەو کەڵکەڵە مەدەنیە ئاساییەی کە یۆنانیەکان دایانهێنا لەمیانەی پێناسەکردن و مومارەسەکردنیان بۆ فیکری دەستور، پادشایی ئۆلیگارشی یا دیموکراسی بێت، مادام دان بەوە دانرا کە: هەموو پابەندی ئەو دەقانە بین کە رەفتاری جەماعیمان رێک دەخات واتا یاساکان.

**دەستوور**

ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٠٠ دەوڵەت لە جیهاندا هەن، ١٩٤ دەوڵەت ئەندامی نەتەوەیەکگرتوەکانن و، زیاتر لە ٢٥% ی دەوڵەتانی جیهان دەوڵەتی فیدراڵین هەر یەکەیان لە خێزانێک لە دەوڵەتانی ئەندام پێکهاتوون، جگە لەو یەکێتی یە سیاسی و ئابووری و حکوومی و ناحکومیانەی هەیە.

هەر یەک لەولاتان دەستور و دەزگای سیاسیان هەیە، ژیانی سیاسیان هەیە، هەیە لەگەڵ سیستەمی دەستورەکەی هاوئاهەنگەو هەشە جیاوازە.

لە باسی پەیوەست بەدەستورەوە، هەیە بە **دۆگمائیەت** سەیردەکات، واتا لە بواری دامەزراوە سیاسیەکان دەیەوێت سیستەمە دەستوریەکە لە ژینگەی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ... هتد دابڕێت، بەعەبەسیەت لەسەر پیرۆزی دەوڵەت و تقوسە دەستوریەکان کاردەکات. یان بە **زەرائیعی-پراکتیکی**- هەمان هەڵەی دۆگمائیەکان، لە دامەزراوە دەستوریەکان بابەتی رکابەری بەردەوامی نێوان کوتلە کۆمەلایەتیەکان دەبینێ، کە دامەزراوەکان لە یەک کاتدا وەک ئامراز و مەبەست سەیردەکات.

دەکرێت لە نێوان هەردووکیان، دەوڵەت و دەستور ببینین، کە بەرهەمی شارستانیەتی سێ هەزار ساڵە کە بەگفتوگۆی نێوان دەسەلاتی فەرمان ڕەواو ئازادی لە چوارچێوەی دەوڵەت-مەدەینەدا، هاتۆتە ئاراوە.

## دیدی ئەفلاتون و ئەرستۆ

ئەفلاتــون پابەنــدی خــۆی بە فەلــسەفەی موســتەقیم کــرد لە پێناو ئەوەی چاکەی تێدا بـدۆزێتەوە، بەتـایبەت لە سیاسـەتدا، بەو رووداوە وروژێــنەرو ئــازار بەخــشەی کە پەیوەســت بــوو بە دیدی ئەو بۆ مردنی سـوقرات، بەم شـێوەیە ئەرسـتۆ پەیوەنـدی خۆی لەگەڵ ئەفلاتۆندا پچڕاند کاتێ سەرنجی دا کە ئەفلاتـۆن لە سیاسەتی کـارادا (الـسیاسة الفعالـة) فاشـیل بـووە، دە رفەتـی بوونی فەلسەفەیەکی سیاسی لە بارچواند (گەندەڵکاري)، هیوای مرۆڤی یۆنانی ناوەندی لەبـاربرد، کە ببێـتە هـاوڵاتی بەخـتەوەرو زینـدوو چـاک، (پڕۆگرامـی) ئەفلاتـۆنی مـوجەڕەد و تونـدە تـا ئاستێک کە تەنها دەلیلێکە بۆ بیناکردنێکی ئەخلاقی بـۆ هەنـدێ تاکی تایبەت (ریزپەڕ).

بەڵام ئەرستۆ دەیەوێ فەلسەفە لێـرە بێـت و ئێـستا لە ئـارادا بێت بەبێ ئەوەی لە شتێکدا پـڕۆژە مەعقـولەکەی بـشێوێنێ و لە بــاربرێ، ئەم فەلــسەفەیە واقیعــیەتە لە هەمــبەر میــسالیەت، ئەزموونیە لە بەرامبەر عەقڵانیەتـی (مـوجەڕەد)، بـۆیە دەبـێ بە ئاگابین لە پەنابردنە بەر ئەم دوانەییە کە خـۆی لە خۆیـدا رێگـر دەبێ لە بیرکرنەوە.

دوور لە چوونە ناو چەمک و شیکار و خـستنەروی فەلـسەفی، ئەفلاتــون وا دەبینــێ کە دەکــرێ وەســفی نیزامێــک بکــرێ کە زەروری و دیاریکراوە، ئەوا ئەرستۆ جەخـت لە رۆڵـی بـارودۆخی

مێژوویی و سروشتی و لیقائیاتی سیاسی و ڕێکەوت و ئەگەری بوونی سەیرورەی  کە ناکرێ لەیەک مۆدێلدا کورتی بکەینەوە.

**توێژەران ئەم دەرئەنجامانە لەسەر ئامانجەکانی ئەرستۆ دەخەنەروو:**

١- بیری ئەرستۆ پەیوستە بە جەوهەری مەدینە، واتە بەو حەقیقەتەی کە کتێبی "سیاسەت" بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخی پێدەدات،

ئەم تیۆرە دەبینێ کە مەدینە وەک (مۆدێلێکی نوێ) و (جۆرێکی جیاواز لە ڕووی نەوعیەوە)- لە ناو مۆدێلی "کۆمەڵگە" کە خێزان ئینتیمای بۆی هەیە دەردەکەوێت- لە ناو خێزاندا کە پەیوەندی نێر و مێیە و دەسەڵاتی یەکەم بەسەر دووەم هەیە و- لە ناو گوند کە لە چەند خێزانێک پێک دێت و دەسەڵاتێکی مەلەکی واقعی تێدایە کەدیفاع لە خۆی دەکات لە کاتی نەهامەتی.

کۆمەڵگەی خێزانی و کۆمەڵگەی لۆکاڵی، سیفەتی نەوعییان نییە، لەبەرامبەر ئەوە ڕێگەیەک کە بەشێوەی جەماعی بوونی هەیەو خۆی دەنوێنێ تەنها لەلایەن مرۆڤەکان دێتە بوون و پیادە دەکرێ، ئەویش بەشێوەیەکی دیقەتبین لە مەدینە polis تەجەللادەبێ.

ئەرستۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە **جەوهەری پۆلیس** لە

میانەی شیکاری ئامانجەکانیدا و بەراوردکردنی بە جەوهەری خێزان و گوند دەرکی پێدەکرێت. ئەم دوو کۆمەڵگایە ئامانجیان دابینکردن و گەرنتیکردنی ژیانە، لە باشترین حاڵەتدا مانەوە لەسەر ژیان لە رێگەی بەردەوامی بوون و بەرهەمهێنانی کەل و پەلی ژیان و، لە رێگەی دام و دەزگای پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەکی، ژیان مسۆگەر دەکەن.

مەدینەش لە ژێر هەمان تایتڵدا ئامانجی هەیە، ئەویش "سەربەخۆیی ئابووری و خود کەفائییە" بەڵام ئەم ئامانجە تێدەپەڕێنێ، لەسەرەتا تەنها بۆ دەستەبەرکردن و تێرکردنی پێداویستیە زیندەییەکان، دواتر کاردەکات بۆ دەرفەت رەخساندن بۆ ژیان بەشێوەیەکی باش.

## (ژیان بەشێوەیەکی باش) یان ( ژیان بەگوێرەی چاکە یان خێر)، چی دەگەێنێ؟

ئەم چەمکە لایەنی کەم لەڕوی شکڵیەوە لە مەزهەبی ئەفلاتون لە کۆماردا، ئەم مەنهەجیەتە ناگەێنێ، چ قورساییەک لەم تێگەیشتنە هەیە:

چاکە، بیرێکی باڵا و بەرزە- سەردەستەی بیرەکانە- رەفتاری عەقڵانی لای ئەو کەسە دروستدەکات، کە فێردەبێ و دەزانێت چۆن ئارەزوەکانی کۆنترۆڵ بکات. بەم شێوەیە تاکە گرفتێک لە بەردەم ئەم دیدە ئەوەیە کە هەر یەکێک بیری چاکەی هەبێ

بەرەو ئینبهارێـک دەچێـت، لەوانەیە ئەمەش ببێـتە تەشویـشی فکر.

بەڵام رێبازی ئەرستۆتاڵی جیاوازە، هەموو راسـتیەک و هەمـوو مەوجودێـک (هەبـوویەک) لە زاتـی خۆیـدا فەزیڵەتـی هەیە یـان هێزێکـی هەیە کە بەشـێوەیەکی سروشـتی پێکـی دێنێـت، بە گوزارشـتێکی باشـتر، سروشـتەکەی، ئەو سروشـتەش بەئاڕاسـتەیەک بـۆ بەرجەسـتەکردنی لە کارێـک و هێنـانەدی ئەو کارەدا دەچێت و داواکاری تەناغوم و تەواوکـاری تێـر دەکـات کە ئەو وجـودە کۆشـشی بـۆ دەکـات. بەڵام مـرۆڤ بە شـێوەیەک خوڵقاوە کە تەنها بۆ ژیان و زیندوبوونی ئاسایی نییە، بۆنمـوونە دەنگـی (phone) تەنهـا بـزاوت و نەغـمەیەک نیـیە بـۆ دەلالەت کردنی لە خۆشی و ناخۆشـی (وەک لە ئاژەڵەکـانی تـردا هەیە)، بەڵکـو جـگە لەوە گوتـارە (LOGOS) گفتـو گـۆ دەکـات و بەهـۆیەوە گوزارشـت دەکـات نەک تەنهـا لەسـەر سـود و زیـان، بەڵکو لەسەر داد و ستەم.

هەر بـۆیە (مەدینـە)، ئەو جـۆرە کۆمەڵگـایەیە، بەشـێوەیەک دامەزراوە مرۆڤ خۆی تێدا دەبینێتەوە، بە باشترین شێوە بەرەو سروشتی خۆی دەچێ، لە کۆمەڵگایەکدا دەژی — وەک هەنـدێ لە ئاژەڵەکـانی تـر، بەڵام کۆمەڵگـایەکە دەشـێ رەفتـاری خـۆی بەگـوێرەی مەشـاعیری چـاکەو خـراپە، داد و سـتەم، چەمـکە رەوشتیەکانی تری تێدا دیاری دەکات.

**ئەم وێنەیە دەکرێ بە چەند شێوەیەک گوزارشتی لێبکرێ و بگوترێ:**

لە رووی سیاسییەوە گوزارشتی لێدەکرێت کە (مرۆڤ بە سروشت ئاژەڵێکی سیاسیە).

- لە رووی لۆژیک یا وجودی (ئەنتۆلۆژی)، دەگوترێ"مرۆڤ ئەو ئاژەڵەیە کە خیتابی هەیە" واتا هێزیی ئیستیدلالی و تەداولی هەیە، یا وەک دەگوترێ ( ئاژەڵێکی عاقڵە.

- لە رووی کەونییەوە" مرۆڤ لەسەر سنوری جیهانی ئاسمانی و زەوی دەوەستێ، کاتێ لە دووەم خۆی دەبینێ ئەوا پابەندی جازبیاتی ئاژەڵی دەبێت، کاتێ دەبێتە بەشێک لە یەکەم ئاسودە دەبێ، هەڵسوکەوتەکانی بە گوێرەی پرەنسیپەکانی دادپەرەوەی بن و لە پێناویدا قوربانی بە بەرژەوەندیەکانی بدات.

هەر بۆیە (مەدینە)، چوارچێوەیەک دروستدەکات مرۆڤ دەتوانێ بەشێوەییەکی تەواو فەزائیلەکانی تێدا ببینێ، لە زاتی خۆیدا کاری سروشتەو، هەروەک پەیوەندی خوێن و بەیەکەوە ژیانی هاوبەشە.

**ئەم تێگەیشتنەی سەرەوە ناکۆکە لەگەڵ:**

١- سەفسەتیەکان: کە لەناوەندە دیموکراسیەکانی رەوتی پەیمانبەستنی conventionalisme رادیکاڵ هەبوو، کە پێی وایە کۆمەڵگەی مرۆڤەکان و یاساکانی بەرهەمی دروستکراون.

٢- تیۆری پێداویستی کە لە کتێبی کۆماردا خراوەتە روو،
ئەم تیۆرە وا دەبینێ کە کۆمەڵگا، لە حاڵەتی گەشەسەندنیدا کە ئەسینا لە کۆتایی سەدەی پێنجەم پێی گەیشتووە، بەجۆرێک لە موزایەدە لەسەر بەرمەبنای پرنسیپی دابەشکردنی کاری خواستێکی زێدەرۆ لە دایک بووە کە دەیەوێ ئارەزووە مادیەکانی تێر بکات.

٣- ئەم رێبازە، بە فراوانی و جورئەتەوە، ئەو شرۆڤە کلاسیکیانە کە خاوەن سروشت ئەستورەی ئایینیە بۆ رەوتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی و وجودی سیاسی بەشێوەیەکی تایبەتی رەتدەکاتەوە.

٤- بەهەمان هێزەوە شیکاری وەزعی POSITIVISTES رەتدەکاتەوە، ئەم شیکارە پەنا بباتە بەر شێوازی دەرەکی کە بەهۆی روداو گەلێکەوە یە هاتبێتە ئاراوە، یان واقیعێکی (ماددی) چڕ لە پێناو ئەوەی کە پێی وابێ کۆمەڵگایەکی مەدەنی یا سیاسی بێنێتە دی.

**ئەوەی کە دیدی ئەرستۆ وێنای دەکات جەختکردنەوەیە لە:**

- بوونی سەربەخۆیی سیاسی و قابیل نەبوونی بۆ پوکانەوە.
- دەرئەنجامی دووەم کە لەگەڵ هی یەکەم پەیوەندی دارە ئەمەیە: ئەو جیاوازییەی وا دەکات کە دەسەڵاتی سیاسی لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە جۆرەکانی تری دەسەڵاتی سیاسی

جیاواز نیشان بدرێ و جیاواز خۆی بنوێنێ.

ئەو دەسەڵاتەی لە مەدینەدا پیادەدەکرێ جیاوازە لەوەی کە حوکمی پەیوەندیە خێزانیەکان دەکات. راستە هەردوکیان لەناو هەمان سروشتن، هەردوکیان لەیەک دەچن، ئەگەر خێزانمان بەمانا بەرتەسکەکەی بە کۆمەڵگایەک وەرگرت کە بە پەیوەندی خوێن دیاری کراوە، لەوەی کە دەسەڵات دەسەڵاتی کائینی ئازادە بەسەر کائینێکی ئازادی تردا (پیاوان بە سەر ژناندا و، فەرمانڕەوا بە سەر هاونیشتمانیاندا)، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا جیاوازی ئەوتۆیان هەیە کە رێگە لە نزیکییان دەگرێت (دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی باوک).

ئەرکمانە کە تێبینی بکەین، ئەگەر پەیوەندی ژن و پیاو سیاسی بێت، ئەرستۆ دەڵێ ئاراستەی دەسەڵات تێیدا قابیلی ئینعیکاس نییە، هەر وەک

**حوککامەکانی ئەمرۆ مەحکومی سبەینێن و بە پێچەوانەشەوە.**

- ئەو سەرکردایەتیکردنەی فەرمانڕەوا دەیکات، ئەو هاونیشتمانیەی کە لە گەڵ ژیانی گشتدا رێکخراوە، دادوەر کە بەشداری لە دەرکردنی حوکمدا دەکات، یان ستراتیجیدتێک کە بڕیاری ئەنجامدانی مناوەرەی سەربازی دەکات لە مەیدانی جەنگدا، ئەوا دەسەڵاتی خۆی تەنها لە دەستوری مەدینەوە سەرچاوەدەگرێت، نەک لە سروشتەوە وەک ( زەوج و باوک)،

ئەو هاونیشتمانیەیش کە بڕیار دەدات بە شێوەیەکی نیزامی لە لایەن دەستەی تایبەتمەندەوە دیاریکراوە تا بەم ئەرکە رابێت.

هەر بۆیە سیاسەت لە خێزان یان لە ماڵ، سیاسەت نییە لەناو مەدینەدا، هەر بۆیە ئەستەم و محاڵە (مەدینە)، ببێتە شوێنی ستەمکاری. چونکە ئەم مۆدێلە لە دەسەلات ناکۆکە لەگەڵ ئەو خواستە سیاسیەی کە لە فەزیڵەتی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێ و، پێش وەخت ئەوە فەرزدەکات کە هەموو مرۆڤێک ئازادە، دەبێ ئەو دەرئەنجامەش ببینین کە ئەرستۆ دەیڵێ" مادام کۆیلایەتی واقیعێکە- لەژێر یان لە چوارچێوەی شار خۆیدا- ئەوا مرۆڤ هەن کە فەزیڵەتی مرۆڤیان نییە، هەر بۆیە ئەوانە مرۆڤ نین تەنها لە روکەشدا نەبێ.

ئەرستۆ دەڵێ: بە سروشت کۆیلە هەیە، داوای میانڕەوی لە مامەڵەکردنیان بۆ دەکات، نابێ بەخۆڕایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، ئەگەرچی داوای گوێڕایەڵی جیدیان لێ دەکات.

سەبارەت بە بەتاڵکردنەوەی ناوەرۆکی دەوڵەتی هاوچەرخ، فۆکۆیاما دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاکردنەوەیەی کە ماکس ڤایبەر بۆ دەوڵەتی کەسی (Personal state ) لەگەڵ دەوڵەتی خەڵک ( Impersonal State)کردوویەتی، دیارە لە دەوڵەتی کەسیدا، پادشا خۆی بە خاوەنی دەوڵەتەکە دەزانێت، ئەمەش لە زانستی سیاسەتدا پێی دەگوترێت: دەوڵەتی پەتریمۆنیاڵ (patrimonial state)، کە تیایدا جیاکردنەوەی بەرژەوەندی گشتی و

بـەرژەوەنـدی تایبـەت بـوونی نییـە، بۆیـە زۆر ئاسـایی بـووە پادشـایەک شـارێک بکاتـە دیـاری کچـەکـەی لـە ئاهـەنگـی بووکێنییەکەیدا، بـەڵام پـاش ئـەوەی دەوڵـەتـی کـەسـی بـوونی نەماوە و دەوڵەتی خەڵک بووە مۆدیل، ئیدی کەس زاتی ئـەوەی نەکردووە بڵێت: خۆم خاوەنی دەوڵەتم، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و وەرچەرخانی دیدگای دەستەبژێری حزبە سیاسییەکان بـۆ گەندەڵی و دەوڵەمەندبوون، ئـەم دەسـتەبژێـرە دەوڵـەتیـان وەک ئامێرێـک بـۆ مـەبـەسـتە سیاسـییەکـانی خۆیـان بـەکـار هێنـاوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لـەبـری ئـەوەی تـەنهـا یـەک کـەس خـۆی بکاتـە خـاوەنـی دەوڵـەت، دەسـتەبژێرێکـی سیاسـیی نـاو حزبـەکـان دەبنـە خـاوەنـی دەوڵـەت و حکومـەتـیش دەبێتـە وەڵامـدەرەوەی خواسـتی حزبـە سیاسـییەکـان و ئـەو گروپانـەی بەرژەوەندی بووە، کە لینکی راسـتەوخۆیـان لـەگـەڵ حزبـەکانـدا هەیە، لەمەش زیاتر پەرلەمانتاران لە ژێرکاریگەری حزبەکانیان و لـۆبی گروپـی بـەرژەوەنـدی، ئـەوەنـدەی یاسـا بـۆ حـزب و بەرژەوەندییە حزبییـەکـان دەردەکـەن، هینـدە وەڵامـی خواسـتی خەڵک نادەنەوە، ئەم جـۆرە تـازەیـەی دەوڵـەت زانایـانی بـورای سیاسەت ناویان لێناوە دەوڵەتی دەستەبژێـری تـازە (patrimonial new state)، ئـەمـەش بـەو مانایـەی ئـەگـەر پێـشتر لـەدەوڵـەتـی کەسیدا ، دەوڵەت بریتی بوویێت لەبەرژەوەندی یەک تاکەکـەس، ئـەوا لـەدەوڵـەتـی دەسـتەبژیـری تـازەدا، دەوڵـەت بریتییـە لـە

بەرژەوەندی حزبە سیاسییەکان و گروپەکانی بەرژەوەندی، ئەمەش وادەکات کە چیدیکە دیموکراتی وەک سیستمێک بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خەڵک نەتوانێت ئەرکەکانی پیادە بکات و دەبێت بە ئامێرێک بەدەستی حزبە سیاسییەکانەوە[1].

**سیستەمی دەستوری**

سیاسەت بە شێوەیەک لە شیوەکان زانستی ئازادیەکانە لای ئەرسۆ"، سەرەرای ئەوەی پێداویستیەکانی ژیانی مەدەنی هەندێ شار یا بە شێک لە جەستەی مەدەنی بە ئیتاعەی سیاسی (هەموو یان بەشێکی) پابەند دەکەن. دەبینین ئەرستۆ پێچەوانەی ئەفلاتون بانگەشە دەکات کە ئەو سیستەمی دەستوریەی کە (مەدینە) جیاواز دەکات، دەبێ نە بەناوی سروشت بێت، نە بەناوی عەقڵ بێت، بەڵکو عیبارەتە لە گوێڕایەڵی یەکێ بۆ یەکێکی تر.

إذن: على ماذا تتأسس السياسة؟ من أين تستمد مشروعيتها؟ ما هي المعايير التي تتحكم في توجيه العلاقات داخل المجتمع؟ هل تقوم الدولة على مبادئ أخلاقية نبيلة؟ أم ينبغي اعتبار السياسة مجرد مسألة تقنية محضة؟

يرتبط التصور الحديث للسياسة بدولة الحق، أي دولة تفصل بين

---

[1] – فەرهاد مەحەمەد، حزبی سیاسی وەک ئاستەنگێگ بۆ دەوڵەت و پەکخستنی دیموکراتی .

الممارسة السياسية والممارسة الدينية، وذلك بحصر ممارسة السلطة وتحديدها بواسطة الدستور.

تشير السلطة السياسة إلى مكان يؤسس الدولة، فالسلطة توجد عندما يتصرف الناس بشكل جماعي، وتشير إلى ما يقابل الالتزام بالخضوع إلى قواعد مشتركة، هي شرط نمو القدرات التي بواسطتها يعتبر الإنسان نفسه إنسانا، أي مجموع القيم والمعايير، التي تقوم على أساسها العلاقات الاجتماعية: الحق والعدالة.

گوزارشتی دەستوریی politeia ئەرستۆیی، کە لە هەمان کاتدا مانای "سیستەمی دەستوریش" دەگەیێنێ بە شێوەیەکی گشتی و هەروەها "دەستوری باش'، واتا ئەو دەستورەی کە چاکترین هاوسەنگی هەیە، تەواو لە دەستوری کۆماری ئەفلاتونەوە جیاوازە.

مەدینە میسالیەکە (کۆماری میسالی kallipolis) کە شیکاریی بۆ دەکات بە میسالیەت دەیبینێ و وەک شتێکی کامیل، وەحید و فەرید هەیە، لە تەواوی سەرکەوتن و هەبوونی خۆیدایە. بەڵام سیستەمی دەستوری کەلای ئەرستۆیەو ناکرێ وەک مانای قانونی ئێستا لێی بڕواندرێ، رسمی بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگا دەکات. ئەو کۆمەڵگەیە لە کرۆکدا لە هاونیشتمانی پێکدێت، واتا لەوانەی کە جگە لەو یاسایەی (مەدینە) ویستویەتی و دایڕشتووە گوێڕایەڵی هیچی تر نابن، ئەو (مەدینە)ی کە خۆی

وا دەناسێنێ جیاوازی هەیە لەگەڵ شێوەکانی تری دەسـەڵات کە لەدەرەوەی دەوڵەتی یۆنان هەیە.

**بەوە جیادەکرێتەوە کە:**

- ئەو سیـستەمەیە کە بە شـێوەیەکی بـاش دەگـونجێ لەگەڵ (هێنانەدی تواناکانی مرۆڤ تحقیق الانسان لـذاته)، بە گـوێرەی بەرزتـرین پـلە لە پلەکـانی هێـز و توانـای خـۆی. مـرۆڤ کە لە نێوان هەردوو جیهانی ئاسمانی و دنیـاییە تەنهـا لە چوارچێـوەی مەدەنیەتدا دەتوانێ تەحقیقی زاتـی خـۆی بکـات، بەو سـیفەتەی (نەخـــودایە) و نە "حەیـــوانێکی روت" و، لەیەک کاتـــدا هەڵـسوکەوت بکـات بە گـوێرەی ملکەچـی بـۆ ( ئاڕاسـتەی پێداویستەکان و ئارەزوەکـان و حاجـات و شـهرات) و توانـای لە سـەربەخۆیی، کە دەیکـاتە بە خـاوەنی رێککـردن و ئـاڵوگۆڕی و دەسەڵاتی بڕیاردان - مللكة تداول وسلطـة القرار.

مەدیـــنە، کە لە رووی کەونیـــیەوە لە لـــوتکەی جیهـــانی دنیاییدایە، بەم شێوەیە مەشروعیەت دەداتە رابیـتەی خـوێن، کە بەهۆیەوە بۆ سەروی کائینی حەیوانی بەرز دەبێتەوە، جەختـیش دەکات کە دەسەڵاتی سیاسی جیاوازە لەو دەسـەڵاتەی کە لەنـاو خێزاندایەو لێی شکۆدارترە.

ئەم شێوە دەسـەڵاتەی (مەدینە)، بە شـێوەیەکی نیهـائی ئەو بیرۆکەیە بەلاوە دەنێ کە دەڵێ ئەو دەسەڵاتەی سـەرۆک خێـزان

لەسەر رعایەکانی هەیەتی یان ستەمکارێک لەسەر هاونیشتیمانیانی دەبێ قابیلی گفتوگۆی سروشت سیاسی بێت، هیچ شتێ سەبارەت بەم بیرۆکەی کۆتایی ناگوترێت، هەروەهاش هیچ پاساوێکیشی پێ نادرێت، لەم رووەوە رادیکالّیەت و قولّایی ئەرستۆ لە ردایکالّیەتی ئەفلاتون قولّترە.

کەواتە، فەرەزیەتی مەنهەجی پێشوەختەی ئەرستۆیی سیاسی، وەک ئەوەی لای ئەفلاتون هەیە، نموزەجێکی رەهای بۆ میسالیترین سیستەم نییە، هەر سیستەمێک هەرچۆنێک بێت – لەسەر ئاستی پادشایی یان ئۆلیگارشی – ، کە بەشێوازی جیاواز دەناسێنرێن، بەگوێرەی پێوەری دانپێدانراو، دەکرێ لە ناو دەستورە باشترینەکان لە قەڵەم بدرێ، تا ئەو کاتەی تیایدا رێز لە سەروەری یاسا و پیادەکردنیدا دەگیرێ بەبێ هیچ کێماسیەک و، تیایدا رێسای ناوبژیوانی دادوەری کە کۆمەڵگا دانیپێدا ناوە گرەنتی کراوە، لە پێناو رێکخستنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هاونیشتیمانی، جا بارودۆخ و هاوسەنگی هێز هەر چۆنێک بێت.

دوای ئەوەی کە دان بە سەروەری یاسا (NOMOS) دا دەنرێت بەسەر هێزدا و، ئەو دەستەو ناوەندانە دیاری دەکرێن کە یاسا دەسەپێنێ، مۆدێلی ئەو سیستەمە بە گوێرەی هەر هەرێمێک و داب و نەریت و مێژووی خۆی دەبێتە مۆدێلی ئەو دەوڵەتە، دوای فەهرەستکردنی هۆکارە ئەزموونیەکان و هەڵسەنگاندنی قورساییان، دەرفەتی گفتوگۆمان دەبێت کە

بلّێین لەم سیاقە یان ئەوی تر کامەیان باشترینە، بەمەرجێک بەردەوام ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە ئامانجی وجودی دەستەجەمگی "کۆمەڵ" هێنانەدی خواستی فراوانترین توانای مرۆڤەکانە.

إذا كانت الدولة هي أرقى مؤسسة سياسية عرفها الإنسان. فما الغاية من وجودها؟ ومن أين تستمد مشروعيتها؟

- أطروحة توماس هوبس: تنشأ الدولة تعاقد الدولة نتيجة تعاقد إرادي وميثاق حر بين البشر. حتى ينتقلوا من حالة الطبيعة، حالة الحرب والصراع إلى حالة المجتمع والمدينة. إن غاية الدولة هي تحقيق السلم والأمن. وذلك بخضوع إرادات الأفراد لإرادة الحاكم وسلطته.
- أطروحة سبينوزا: يرى سبينوزا ان تأسيس الدولة ليس فرض السيادة والسلطة على الناس او إرهابهم، بل صيانة حقوق الأفراد وحرياتهم في العمل والتفكير والسلوك بعيدا عن الحقد والظلم والخداع، وغدر، فإن الغاية الحقيقية من تأسيس الدولة هي تحقيق الحرية.
- أطروحة هيجل :HEGEL يرى هيجل ان الدولة لا تستمد مشروعيتها من مجرد حماية الملكية وتحقيق الأمن والملكية الفردية– كما تؤكد ذلك نظريات التعاقد الاجتماعي– إن أساس

الدولة يتمثل في تحقيق الـروح الكليـة المعـبرة عـن وحـدة الإرادات الواعية، حيث تبلغ الحرية حدها الأسمى (لحظة الحرية المطلقـة). فحـــسب هيجـــل لا يحقـــق الفـــرد وجـــوده الفكـــري والأخلاقـــي والاجتمـاعي إلا بانخراطـه ضـمن هـذه الـروح الاجتماعيـة الكليـة والمطلقة (لحظة الوعي المطلق).

- أطروحة ماكس فيبر: يعتبر فيبر أن الـسياسية هـي مجـال تـدبير الشأن العام للمجتمع والدولة تعبير عن علاقـات الـسلطة والهيمنـة القائمة في المجتمع. وهي سلطة قائمة على مبدأ المشروعي. حيث يميز فيبر بين ثلاثة أنماط من مشروعية سلطة الدولة.

إن البحث عن مـشروعية سـلطة الدولـة، تعـني بالبحـث في أسـاس الدولة وأصلها أي القوة الخفية التي تجعل مجموعة بشرية مـا تمتثـل للسلطة التي عليها من طرف جهاز الدولة، كذا الغاية، وكذا الغاية مـن وجود الدولة. وقد أثارت هذه المسألة اهتمام المفكرين الاجتمـاعيين والسياسيين والحقوقين.

